# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (162) بەرواری 1–3–2024

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## " شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"


### توانای ئاژیتاتۆر لە ڕێکخراوکردندایە

بەشی سیانزەهەم و کۆتایی... ل10

## وتەی ژمارە

# ڕەوەندێك کە بەرەو کۆتایی دەڕوات...بڕیارە تازەکانی دادگای باڵای فیدراڵی..

٢١ی ئەم مانگە دادگای فیدرالی پاکیجێک بریاری تایبەتی دەرکرد... لەوانە بریاری گواستنەوەی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بۆ بانکە فیدرالییەکان. بڕیاری کەم کردنەوەی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ١١١ کورسیەوە بۆ ١٠٠ کورسی. بریاری بەڕیوەبردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەلایەن کۆمیسیۆنی ناوەندەوە. بریاری بە بازنەکردنی هەڵبژاردنەکان...



ئەم بریارانەی دادگای باڵای فیدرالی، لە درێژەی بڕیارەکانی پیشووی دەسەڵاتی ناوەندی دایە، لەچوارچێوەی جێخستنی دەسەڵاتی فیدرالی بەسەر عێراقدا، بەتایبەتیش گێرانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی و حقوقی و ئەمنی هەرێم، بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی بەغداو بەردەوامیش دەبێت.

دادگای فیدرالی لە یەکەمین بریارەکانی خۆیدا، دۆسیەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی لەدەستی دەسەڵاتی هەرێم دەرهێنا و کۆتایی بە پایەی سەرەکی ئابوری سەربەخۆ، هێنا. دواتریش کۆتایی بە تەمەنی نایاسایی پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان هێنا و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی خستە بۆشایی یاسایی و حقوقییەوە.

ئەم بریارانەی ٢١ ئەم مانگەش دران، لە درێژەی بریارەکانی پیشوودان بۆ هەمان ئامانجی، قوڵفدانی دەسەڵاتی هەرێم.

بریاری گواستنەوەی دابەشکردنی موچە لە دەستی دەسەڵاتی هەرێمەوە بۆ بانکە فیدرالیەکان... دەستی دەسەڵاتی سیاسی خاڵی کردەوە لەوەی بە ئارەزووی خۆی و مامەڵە بە داهات و بودجەو شایستە داراییەکانی هەرێمەوە بکات و هەر کات ویستی موچە دوابخات و لێی بقرتێنێ. بەڵام ئەمە تەنها لێکەوتەی یاسایی و حقوقی نییە، بەڵکو سەندنەوەی دەسەڵاتی سیاسیشە لە بۆرژوازی کورد. یەکێک لەو کارانەی بەدوای دەرهێنانی دۆسیەی نەوت لای دەسەڵاتی هەرێم مابۆوە، دابەشکردنی موچە!! بوو، ئیتر ئەم مەئموریەتەشی لێ سەندرایەوە. دیارە دابەشکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە لایەن بەغداوە دوای ئەوە دەچێتە بواری کرداریەوە و نۆرمی خۆی

بۆ لاپەڕە 2




## ئازادی ژن پێوەری ئازادی کۆمەڵگەیە...

### پیرۆزبێت ٨ ی مارس، ڕۆژی "نا" بەجیاکاری و ستەم و بێمافی...

ئەگەر نیزامی دیلهێنەری سەرمایەداری سەرچاوەی نابەرابەری ئابوری و گرانی و بێکاری و برسێتی و دەیان و سەدان و موسیبەت و کوێرەوەرییە بۆ چینی کریکار و جەماوەری بەش مەینەت، ئەوا ژنان وەکو نیوەی ئۆردوی...

بۆ لاپەڕە 3

## ناڕەزایەتی مامۆستایان و وانەبێژان... ئەزمونێکی پڕ ئەزموون...



سەرئەنجام دوای پێنج مانگ لە نارەزایەتی مامۆستایان و وانەبێژان بۆ دابەشکردنی موچە و دوانەکەوتنی، پلە بەرزکردنەوە و دامەزراندن... بایکۆت کۆتایی هات. بەڵام کۆتاییهاتنی بایکۆت، کۆتاییهاتنی نارەزایەتیەکان نییە، بەڵکو کۆتایی هاتنی ئاستێک لە نارەزایەتیەکان و خەواندن و هەڵپەرساردنی بایکۆت و کۆبونەوەو خۆپیشاندانەکانە لە ئاستی شەقامدا.

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە....


* هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان و ناوچەکە، پێویستی قۆناغی تازەی خەبات......ل4
* دەربارەی هەژدەهەمین برومێری لویس بۆناپارت..............................................ل4
* مامۆستا سامان بەرزە وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە.........................................ل5
* د.کامەران قەرەداغی "ڕۆژمێری دکتۆرێك لە زیندان.........................................ل6
* خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن، بەڵێنەکانی هەڵبژاردن...........................................ل7
* گاری ستیڤنسن لە گەڕەکێکی هەژارنشین باسی فراوانی قڵشتی چینایەتی ئەکات.........ل9


دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری کوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی"

## هاوڕێ ستار حەمە عەلی ناسراو بە "ستاری چیمەنتۆ" وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە... ل11_12




پرسی ڕۆژ ل6-5

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

## درێژەی وتەی ژمارە

وەردەگرێت، کە وردبینی لە لیستی موچەخۆراندا بکرێت، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت، کە لیستی ناوی کادرانی حزب و بندیوار و چەند موچەیی ... کۆتایی پێدەهێنێت و خودی ئەوەش گورزێکی تر دەبێت لە پێگەی حزبە باڵادەستەکانی بۆرژوازی کورد. جیا لەوانە پرسی دابەشکردنی موچە لەکاتی خۆیدا لە رێگای بانقەکانی عێراقەوە دەتوانێت یەکێک لە کیشە سەرەکیەکانی موچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێم چارەسەر بکات و کە لەساڵی ۲۰۱٤وە بۆتە مۆتەکەی سەر ژیان و گوزەرانی موچەخۆرانی هەرێم، بەڵام دیارە ئەوە بەو مانایە نییە بۆرژوازی عێراقی لەبەر خاتری موچەخۆرانی هەرێم ئەم بریارەی دابێت، بەڵکو پرۆسەی یەک دەستکردنەوەی دەسەڵات لە ئاستی ناوەندی و پێداویستی سەرمایە لە عێراقدا، ئەوە دەخوازێت. سودمەندی سەرەکی و بۆرژوازی و بانقەکان دەبن و ناسیونالیزمی کوردیش کە تائیستا پرسی موچەی لەدەستدا بوو، کۆتایی دێت و خۆیشی دەبێتە موچەخۆری دەسەڵاتی ناوەندی.

بریاری دووەمی دادگای فیدرالی کەم کردنەوەی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان بوو، کەم کردنەوەی ئەم کورسیانە و نەهێشتنی کورسی کۆتاکان، کە لەهەموو خولەکانی پەرلەمانی کوردستاندا و لەرِیگای رێکەوتنی سیاسییەوە، بریاری لیدەدرا و لەو نێوەدا بەسودی پارتی دەشکایەوە... بەجیا لەوەی پارتی لەو ئیمتیازە بێ بەش دەکات، بەڵام بریارێکی لەم جۆرە لە پەیوەند بە هەڵبژادنی کوردستانەوە کە پێشتر بۆرژوازی کورد و حزبەکانی خۆیان رێکەوتنی سیاسییان دەکرد و توانای بریاردان لەناو ماڵی خۆیاندا بوو، ئیستا ئیتر بۆرژوازی کورد مافی ئەوەی نییە، بەو جۆرەی خۆی دەیەوێت بریار بدات و رێکەوتنی سیاسی بکات و هەڵبژاردن و کورسی کۆتاکان وەکو کایەیەکی سیاسی و لەململانێی حزبیدا بۆ گۆرینی باڵانس بەدەستەوە بگرێت، بەڵکو ئەوە دەسەڵاتی ناوەندە هەژموونی خۆی و بریاری خۆی لەچوارچیوەی عێراقدا بەدەستەوە دەگرێت.

بریاری سەندنەوەی مافی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەدەستی دەسەڵاتی هەرێم و گواستنەوەی بۆ ژێر دەستی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بریارێکی ترە، کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە قاڵب دەدات و ئیر مافی ئەوەی نییە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ژێر دەسەڵاتەکەی بکات... ئەم بریارە بەجیا لەوەی کۆتایی بە بەشیک لە کیشە و پشکی لایەنە سیاسیەکانی هەرێم و ململانێی نێوانیان دەهێنێت، بەڵام هەموو دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، ملکەچی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراق دەکات و ئیتر دەکەوێتە ژێر رەحمەتی دەسەڵاتی فیدرالیەوە.

برِیاردان لەسەر هەڵبژاردنی بازنەیی لە هەرێمدا، بریارێکی تری دادگای فیدرالی عێراقە. ئەم بریارە واتە ئەوەی دەستور بریار دەدات و مافی هەیە چۆنیەتی هەڵبژاردنەکان دیاری بکات، چیتر بارەگای حزبەکان و سەرکردەکانی نین، بەڵکو ئەوە لەدەستی دەسەڵاتی ناوەندە...

سەرجەم ئەو برِیارانە کە لە رێگای دادگای فیدرالیەوە لەدژی دەسەڵاتی هەرێم دراون، لە چوارچیوەی پرۆسیسی جێخستنی فیدرالیزەکردنی عێراقدا و لە هەلومەرجێکی تازەدا دەچنە پێشەوە وەکو رِیگایەک بۆ کۆتاییهێنان بە هەژموون و باڵادەستی حزبی و دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان.

دیارە هەوڵەکانی بۆرژوازی عێراقی بۆ جێخستنی فیدرالیزم و پابەندکردنی حزب و لایەنە سیاسیەکان بەدەستور، تەنها رووی لە کوردستان و دەسەڵاتی هەریم نییە، بەڵکو رەوەندێکە بە ئاقاری گێرانەوەی ئارامی و ئاسایش و جیگیری سیاسی و لەسەرتاسەری عێراقدا، بەڵام قوربانی سەرەکی لەم نێوەدا دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە.

بۆرژوازی کورد کە لەسەر بنەمای لاوازی پێشتری ناوەند و خۆبەستنەوە بە ئەمریکاو غەرب و ولاتانی ناوچەکە، ئومێدی هەڵچنیبوو، لە ئێستادا هەموو ئەوانە لەبەردەم ئابدیت و ئاڵوگۆردان و هەرکامیشیان ناوەند بە مەبنای پەیوەندی فەرمی دەزانن و مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ هەرێم ناکەن، جیا لەوانەش ئەوان دەخوازن عێراقێکی یەکگرتوو، سەراسەری و سەقامگیر جێگەی پشێوی و پارچە پارچە بوون بگرێتەوە.

ئەم رەوتەی لە عێراقدا وەرِێکەتووە، لەگەڵ ئەوەدا بێ گرفت و کیشە و دەستێوەردان نییە، بەڵام رەوەندێکە دەچێتە پێشەوەو دەسەڵاتی بۆرژوای کورد لە قاڵبی ناوەندیدا جێ دەخات یان ناچار بە کاردانەوەو گرتنە بەری رِیگایەکی تری دەکات... بەڵام ئەوەی تا ئێستا رۆشنە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد سەرباری نیگەرانی و هەستکردنی بە مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەی، لەهەوڵی خۆجوتکردن بە بەغدادایە.

تا ئەو جێگایەش بە خەڵکی کوردستان دەگەرِێتەوە، ئەم رەوەندەی لە عێراق وەرِێکەتووە و لەرِیگای دەستور و فیدرالیزەکردن و قوتبی کردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند لەرِیگای بریاری یەک بەدوای یەکدا دەچێتە پێشەوە... دوور و نزیک لەچوارچێوەی خزمەت بەخەڵکی کوردستاندا نییە، بەڵکو پەیوەندە بە لەقاڵبدانی دەسەڵاتی هەرێمەوە و خەڵکی کوردستانیش نابێ هیچ خۆشباوەریەکیان بە سیاسەت و نەخشەکانی بەغدا هەبێت... خراپی و قیزەون بوونی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتی هیچ رەوایەتیەک نادات بە دەسەڵاتی عروبی و ئیسلامی عێراقی. دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا بە هەمان شیوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەسەڵاتێکی دزو تالانچی و نۆکەر پیشەییە و لە خزمەتکردنی بە خەڵکی خوارو ناوەراستی عێراقدا نیشانی داوە، کە دەسەڵاتێک نییە لە خزمەت بە چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی عێراقەدا، خۆ ئەگەر خەڵکی ناوەراست و باشوری عێراق، کێشەی نان و خزمەتگوزاریی و ماف و ئازادییەکان و یاساو مافی هاوڵاتی بوونی هەیە، ئەوا خەڵکی کوردستان بەجیا لەوانە کێشەی سیاسی چارەسەرنەکراوی هەیە، کیشەی نەتەوایەتی و دیاریکردنی ئاییندەی سیاسییەکەی هەیە...

چینی کریکار و جەماوەری بیبەشی عێراق و کوردستان، لە بەرامبەر بەدەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی بە "کورد و عەرەب و سونی و شیعی" وە، بەرەو رِووە، بۆیە هاوخەباتی نێوانیان، ئەرکێکی گرنگ و چارەنووسازە بۆ رووبەرووبونەوەی سەرجەم خێرانی بۆرژوازی و سیاسەتەکانیان.

## لە بۆپێشەوەوە

• بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

• بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

• بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

• درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

• ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە..

خراپی و قیزەون بوونی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتی هیچ رەوایەتیەك نادات بە دەسەڵاتی عروبی و ئیسلامی عێراقی. دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا بە هەمان شیوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەسەڵاتێکی دزو تالانچی و نۆکەر پیشەییە و لە خزمەتکردنی بە خەڵکی خوارو ناوەراستی عێراقدا نیشانی داوە، کە دەسەڵاتێك نییە لە خزمەت بە چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی عێراقەدا، خۆ ئەگەر خەڵکی ناوەراست و باشوری عێراق، کێشەی نان و خزمەتگوزاریی و ماف و ئازادییەکان و یاساو مافی هاوڵاتی بوونی هەیە، ئەوا خەڵکی کوردستان بەجیا لەوانە کێشەی سیاسی چارەسەرنەکراوی هەیە، کیشەی نەتەوایەتی و دیاریکردنی ئاییندەی سیاسییەکەی هەیە...

## دریژەی: ئازادی ژن پێوەری ئازادی کۆمەڵگەیە...

## پیرۆزبێت ٨ ی مارس، ڕۆژی "نا" بەجیاکاری و ستەم و بێمافی...



چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەت تەنها بەهۆی ژن بوونیان، چەند بەرامبەر لە ژێر ستەم و نابەرابەی و بێمافی هەمان نیزامی سەرمایەداریدان.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی نیزامی سەرمایەداری، جیاکاری رەگەزی و جنسی و بەتایبەتیش جیاکاریی نیوان ژن و پیاوە لە بواری ئابوری و بەرهەمهیناندا لە پێناو زامنکردنی زۆرترین قازانجدا. لەو ڕاستایەشدا دەمەزرەدکردنەوەی بیروباوەری دواکەتوانەو هەلآواردن ئامێز، رەوایەتیدان بە پلەی دوویی ژنان و ستەمکێشی هەزار سەرە، تا دەگات بەزەوتکردنی مافە فەردی و مەدەنییەکان و بەرگی یاسایی بەخشین پێیان، بەشێکن لە پایەکانی کەڵەکەی سەرمایە.

بۆژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی وەکو بەشێکی لێکهەڵپێکراو لەگەڵ بۆرژوازی جیهانی، دابەش بوونی ئینسانەکان بەگشتی و دابەشکردنی ڕەگەزی نێوان ژن و پیاو بەتایبەتی، وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زامنبوونی کەڵەکەی سەرمایە، بەدەستەوە گرتووە. لەوەش زیاتر لەڕێگای دەمەزەردکردنەوەی بیروباوەری پرتوکاوی کۆن و خێڵەکی و عەشایەری، تێکەڵکردنی دین و مەزهەب لەگەڵ یاساکاندا و شۆرکردنەوەی بۆ ناو ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ماف و ئازادییەکانی ژنانی بە قێزەونترین شێوە لە قاڵبداوە. ژنان بەشێوەی گشتی و ژنانی کرێکار بەتایبەتی، رووبەرووی هەلومەرجێکی یەکجار سەختن. جیاکاری لە قەڵەمرەوی بەرهەمهێنان و ئابوریدا لە چەشنی جیاکاری لەموچە و لە هەڵبژاردنی کار و پیشەدا، جیاکاری لەسەعات کار و کار دابەش کردندا، جیاوازی لە بیمە و خزمەتگوزارییەکاندا، لەهەموو ئاستەکاندا دەبینرێت. لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ژنان بەجیا لە کاری دەرەوەیان وەکو کرێکار و کارمەند، ناچارن ئەرکی ماڵ و ماڵداری و منالداری، کاری سەختی تر لەئەستۆ بگرن. لە بواری یاسایی و مافەکاندا ژنان لە مەسەلەی زەواج و جیابوونەوە، میرات و سەرپەرشتی خێزان، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و خاوەندارێتی ماڵ و موڵک، تەنانەت جل وبەرگ پۆشیندا، یەخسیری هەمان بەرژەوەندیەکانی سودی سەرمایە و سەرمایەدارین.

جیا لەوانە، توندوتیژی لە دەیان شێوەدا بەدژی ژنان لە ڕاستییە تاڵەکانی کۆمەڵگەی کوردستانن. لە سوکایەتی و بەکەم سەیرکردنەوە، بۆ هەرەشەو ئازاردان، بۆ برینی جەستەی ژن" خەتەنە" تا دەگات بە تیرۆر و ناچارکردنیان بۆخۆکوژی. هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا گرانی و بێکاری لەو هەلومەرجە سەختە ئابوریەدا بۆتە هۆی ئەوەی باندەکان و دەڵاڵانی بازرگانی سیکسی، بەرەو هەڵکشان بچن و بەهرەبەرداری لە دۆخی بەشێک لە ژنان بکەن و ناچار بە لەشفرۆشی و تێکەڵ بە باندەکانی بازرگانی سیکسی بکرێن. کە بەشی هەرەزۆری ئەو باندانە دەستیان لەگەڵ دەسەڵاتی حزبەکاندایە.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، سەرچاوەو هۆکاری سەرەکی ئەم دۆخە سەختەی ژنانن لەجیاکاری و توندوتیژی و بیمافیەکانیان. نزیک بە سێ دەهەیە، ژنان تیرۆر دەکرێن و ناچار بە خۆکوژی دەکرێن، کە ئاماری قوربانیەکانیان بەدەیان هەزار ژن و گۆرستانی بێ ناونیشانە، تا ئێستا کوشتنی ژنان بەوێنەی کوشتنی بە ئەنقەست مامەڵەی یاسایی لەگەڵ ناکرێت و تۆمەتبار و تاوانبارانیان، ئازادن و ئەگەر کەسانێکیش دەستگیر بکرێن بەپاساوی" شەرەف پارێزی" ئازاد دەکرێن یان لە بارەگای دەست سازی حزبەکاندا بەناوی سوڵحی عەشایەری، دۆسیەی ژنانی قوربانی، دیزە بەدەرخۆنە دەکەن. تەنانەت دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەرگری لە کارمەندەکانی خۆیشی لەبواری وەستانەوە بەڕووی توندوتیژیدا بۆ ناکرێت و دەکەونە بەر هێرشی پیاوسالارانی حزب، کە لە منداڵدانی پیاوسالاری حزبیدا، گەورە بوون.

هەشتی مارس، لە بنەرەتدا ڕۆژ و رەمزی "نا" وتن و بەو هەلومەرجە سەختەی ژنان، و ڕۆژی نارەزایەتییە بە جیاکاری و ستەم و توندوتیژی و بێمافی، لەلایەن بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانەوە.

ئەم ساڵ لەکاتێکدا یادی هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان دەکەینەوە. وە بانگەوازی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان دەکەین بەدژی هەلومەرجی سەخت و نابەرابەری ژنان و ستەم بێمافیەکانیان بە تەوژمێکی بەهێزەوە بێنە مەیدان، کە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی و دژە ژنی بزوتنەوەی کوردایەتی، ڕۆژ بەرۆژ لە هەڵکشانە بۆ ڕامالینی ئەو دەسەڵاتە. بێگومان کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و بنیاتنانی کۆمەڵگە کە خالّی بێت لە ستەم و بێمافی و هەڵاواردن و ستەم کێشی سەر ژنان، لە گرەوی شۆرشی کرێکاریی و رزگاری چینی کرێکاردایە کە لەگەڵ رزگاربوونی خۆیدا، تەواوی کۆمەڵگە رزگار دەکات و پێگەی ئینسانی ژنییش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی سروشتی خۆی.

هەر بۆیە پێویستە ژنان و بەدیاریکراوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، لە پرۆسیسی ڕامالینی دەسەڵاتدا ڕۆڵی شایستەی خۆیان بگێرن و خواستەکانی خۆیان تێکەڵ بەخواستی جەماوەری بەش مەینەتی کوردستان بکەن و وەکو باڵێکی بەهێزی شۆرش هێز و توانای حاشاهەڵنەگری خۆیان نیشان بدەن...

**عەبدوڵا مەحمود**

## دریژەی: نارەزایەتی مامۆستایان و وانەبێژان... ئەزمونێکی پڕ ئەزموون...

ماوەی پێنج مانگی رابردووی بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و وانەبێژان و خۆدەرخستنی ئەم نارەزایەتییە لە ڕێگای یاداشت نووسین، بایکۆت، کۆبونەوە، مانگرتن، خۆپیشاندان...تاد یەکێک لە روداوە گرنگەکانی میژووی هاوچەرخی کۆمەڵگەی کوردستانە. مامۆستایان و وانەبێژان بە راوەستاوی خۆیان بەدژی بێ موچەیی و دواکەوتنی و بۆ پلەبەرزکردنەوەو دامەرزاندن، نیشانیاندا کە هێزێکی گەورەی کۆمەلآیەتی و هێزێکی یاخی لە ستەم و بێمافین.




کاریگەری ئەم بزوتنەوەیە بەجیا لە ڕاکیشانی پشتیوانی بەشێکی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی سیاسی هەریمی خستە ژێر گوشارێکی هەمەلایەنەوە، هاوکات جارێکی دی سەرجەم کۆمەڵگەی لە بودەڵەیی و نابەرپرسیاربوونی دەسەڵات سەبارەت بەمافی زۆر سادەی موچەخۆران و لەوەش زیاتر بێباکی بەرامبەر بە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە نیشاندا.

جیا لەوانە لە ئاستی عیراقدا دەنگی مامۆستایان و وانەبێژان و موچەخۆرانی خستە ڕوو، دەسەڵاتی بەغدای خستە ژێر گوشارەکانی خۆیەوە تا ئەو رادەیەی دادگای فیدرالی ناچار بوو، لەو بارەیەوە بریار دەربکات...

لەماوەی پێنج مانگی خۆپیشاندان و نارەزایەتی شەقامی مامۆستایان و موچەخۆراندا، بەجیا لە خستنە ژێر گوشاری دەسەڵات و هێنانە دەنگی دەسەلآتی بەغدا و دادگای فیدرالّی. چوونە سەری پەیوەندی خەباتکارانەی نیوان مامۆستایان و وانەبێژان. راکیشانی پشتیوانی بەشێکی بەرین لە کۆمەڵگە. هاوئاهەنگی نیوان چەندین شارو شارۆچکە لەگەڵ یەکتری. سڵ نەکردنەوە لەهەرەشەو توڕدانی پلانەکان بۆ دوبەرەکی و دزر دروست کردن. خۆش خەیاڵ نەبوون بە باڵەکانی بۆرژوازی. بەشداری ژنان و پیاوان هاوشانی یەکتری لە نارەزایەتیەکاندا. دەستبردن بۆ ئاستێک لە ڕێکخراو بوون و پیکهێنانی ئەنجومەنی سەراسەری مامۆستایانی ناڕازی. ترساندنی دەسەلآتی زۆنی زەرد و ناچارکردنی بە ملهوری و سەرکوت بۆ بەرگرتن بە هاتنەمەیدانی مامۆستایان و موچەخۆران... تاد،سەرەکیترین دەستکەوتەکانی ئەم بزوتنەوەیە بوون. ئەوەی لەو نێوەدا شکستی خوارد، مامۆستایان و وانەبیژان و موچەخۆران نەبوون، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسی نابەرپرسی هەرێم بوو، کە پرسی دابەشکردنی موچەشی لەدەست دەرهێنرا.

مامۆستایان و وانەبیژان چ بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی پینج مانگەی خۆیان و چ بە هەڵپەساردنی بایکۆت و گەرانەوە بۆ دەوام، دوای بەڵینی جێگری سەرۆکی حکومەت، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا... مامۆستایان و وانەبێژان، لە ژێر گوشاری ویژداندا بوون سەبارەت بە خوێندنی ئەمساڵ و نەوەیەک لە خوێندکاران، کە دەسەڵات باکی پێی نەبوو. مامۆستایان و وانەبێژان بە گەرانەوە بۆ دەوام جارێکی دی ئەو راستیەیان سەلماند کە هەر ئەوان لە خەمی خوێندن و پەروەردەدان، لە جێگای دەسەلآت و بریاری بەرپرسانەیان دا، بریارێک لەگەڵ ئەوەدا ناچاری بوو، بەلآم لێوان لێو لە بەرپرسیارێتی بوو.

لەنێوان بەرپرسیاریەتی هەڵگرتنی مامۆستایان و وانەبیژان و نابەرپرسیاریەتی دەسەلآتدا، جارێکی دی ئەو راستیە لە نەبەردێکی پینج مانگەدا، دەکەوتەوە، کە بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی، هیچ نزیکایەتیەکیان لەگەڵ خواست و مافەکانی مامۆستایان و ئاییندەیەکی باش بۆ پرۆسەی خوێندن و پەروەردە نییە.


# هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان و ناوچەکە، پێویستی قۆناغی تازەی خەبات



هەلومەرجی سیاسی ڕۆژهەڵات، فەلەستین و کوردستان و عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا و ئەفغانستان، فاکتی تازەیان هێناوەتە پێشەوە، پێویستە چەپ و مارکسیستەکان پێداچوونەوە بەسیاسەت و پراکتیکیاندا بکەنەوە. چونکە هەلومەرجێکی سیاسی کەئێستا هاتۆتە پێش لەمێژووی دەسەڵاتی عێراقدا فرسەتی بەم جۆرە نە بۆ خەڵک و نە بۆ چەپ و مارکسیستەکان، پێش نەهاتووە. لەساڵی (١٩٩١) لەدوای ڕزگاربوونی کوردستان لەدەسەڵاتی بەعسی فاشی کەشی ئاواڵای سیاسی و فرسەت دروست بوو بۆ ئەوەی شووراکان و خەڵک دەسەڵات بەدەست بهێنن، بەڵام ئەوکات لەبەر دوو خاڵی سەرەکی لەهەلومەرجی سیاسی ئێستا جیاواز بوو نەبوونی ئەو دوو فاکتەرە سەرەکیە وای کرد کە شووراکان و خەڵکی ناڕازی پاشەکشە بکەن: یەکەم/ ئەو مێژووە ئەوجی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردبوو، لەسەدا نەوەدی خەڵکی کوردستان دوای سیاسەتی ئەحزابی ناسیۆنالستی کوردی کەوتبوون و پێیان وابوو کە لەئایندەیەکی نزیکدا یەکێتی و پارتی دەوڵەتی کوردیان بۆ درووست ئەکەن و ئیتر خەڵکی کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانیەوە بەئامانجەکانی خۆیان ئەگەن و لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا ئەحەسێنەوە. دووەم/ چەپ و کۆمۆنیزم لەو قۆناغە مێژووییەدا ئاسۆیان لێڵ بوو هێشتا تەپ و تۆزی هزری ناسیۆنال-چەپ سایەی هەبوو بەسەر گروپ و ڕێکخراوە چەپەکانەوەو ئاسۆی سۆشیالیزم تاڕادەیەکی زۆر نادیاربوو. ئێستا ئەم دوو خاڵە سەرەکیە ئاڵوگۆڕی ڕیشەییان بەسەردا هاتووە بەپێچەوانەی ساڵی (١٩٩١) لەسەدا نەوەدی خەڵکی کوردستان نەفرەت لەناسیۆنالیزم و دەسەڵاتی سی و سێ ساڵەیان ئەکەن، چونکە لەوماوە درێژەی دەسەڵاتیان ناشرینترین و بۆگەنترین و فەسادترین کردەوەیان پیشانی خەڵکی کوردستان دا، ئەزمە لەسەر ئەزمە کەلەئەنجامی سیاسەتە دژی ئینسانیەکاندا بەسەریاندا هات و بەسەر خەڵکیاندا ئەشکاندەوە، ئەو کردەوانەی کەحیزبی بەعس لەمێژووی دەسەڵاتیدا نەیکرد بوو ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی بەملەوەنی پیشانی خەڵکی دا، ئێستا زۆربەی خەڵکی کوردستان خوازیاری گەڕانەوەن بۆ لای حکومەتی ناسیۆنالیستی ئیسلامی بەغدا!!. ئاسۆی خەڵکی شۆڕشگێڕ ئاڵوگۆڕی گرنگی بەسەردا هاتووە، چونکە سیاسەتی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی بەڕادەیەکی زۆر کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، دەسەڵاتی کوردی بەپاڵپشتی ئیسلامی سیاسی ئەوەندەیان بەخەڵک کردووە بابەدەواری شەڕی نەکردووە، بۆیە خۆیان و دەسەڵات و سیاسەتیان بەڕادەیەک قێزەون بوونە کەهیچ دەسەڵاتێک ئەوەندە بۆگەن و نەفرەتلێکراو نەبووە لای خەڵک. ئەم دوو فاکتەرە گرنگە وایکردووە کە گرەوتینێکی باش بە بەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەریدا هاتووە کەلەمێژووی سیاسیدا کەم وێنە بووە. بەمانایەکی تر هەلومەرجی بابەتی زۆر لەبارە بۆ گەشەی بزووتنەوەی جەماوەری و خەڵکی ئازادیخواز. ئێستا ئیتر کەموکورتی لەهەلومەرجی زاتی دایە، چونکە سیکتاریزم ڕێکخراوەپەرستی بۆتە ڕێگر و مۆتەکەیەک بەشی هەرەزۆری ڕێکخراو و گروپەکانی گرتۆتەوە، ئەمەش وایکردووە کەبەرژەوەندی گشتی بزووتنەوەکە بخرێتە لاوە، ئەم سیکتاریزمەش ئینحرافێکی مێژووییە لەگەڵ بزووتنەوەی چەپی کوردستان هاوتەریب بووە. هەر لەماوەی دووساڵی ڕابردوودا چەندجار بانگەواز بۆ کۆبوونەوەی گشتی کراوە، زۆرێک لەو کادرانە بەشداربوونە لەو کۆبوونەوانەدا، دوای دەیان کۆبوونەوەو خۆ ماندوو کردن گشت کۆبوونەوەکان بەدەستی بەتاڵ کۆتاییان پێ هاتووە. بەداخێکی زۆرەوە زۆربەی ئەو کادرانە کەدێنە ئەو کۆبوونەوە گشتیانەوە بەرژەوەندی گشتی بزووتنەوە ناڕەزایەتی جەماوەری و خەڵکی ئازادیخوازیان بەگرنگ وەرنەگرتووە، بەڵکو هەوڵ ئەدات کەچۆن سەرنجی ئەو کادرانە بۆ لای ڕێکخراوەکەی خۆی بەکێش بکات. ئەگینا لەوە ڕۆشنتر نییە کەبە پلاتفۆرمێکی چەند خاڵی لە هەوڵی کاری هاوبەشدا بین. ئەم قۆناغە سیاسیەی کەئێستا هاتۆتە پێش پێویستی بەکاری پراکتیکی بەردەوام هەیە، بۆ ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنی دەنگە ناڕازییەکان، ئیتر نووسینی وتار و گرتنی کۆڕ و سیمینار ئەبێت وەڵام بێت بۆ بەهێز کردنی کاری ڕێکخراو بوون، ڕێکخراوێک کەبتوانێت لەگشت مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا وەڵامی کارسازی پێ بێت بۆ گشت ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی کۆمەڵگە، وە بکەوێتە ململانێی بەردەوام لەسەر سوونەت و کارکردە دژی ئینسانیەکانیان. چەپ و مارکسیستەکان نزیکەی نیو سەدەیە نەیانتوانیووە خەبات و سیاسەتیان ببەنە نێو مەیدانی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان هەر لەبەر ئەمەش لەحاشیە کۆمەڵگەدا ماونەتەوە لەگروپێکی فشار زیاتر نەیانتوانیووە ببنە ڕابەری ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، مانەوە لەم چوارچێوەیەشدا نەئەتوانێ وەڵام بەئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیە تازانە بداتەوە، نە ئەتوانێ جێگەیەکی سیاسی گرنگ لەکۆمەڵگەدا بگرێت، ئیتر درێژەدان بەهەمان سیاسەت لەخۆ ماندوو بوون زیاتر هیچی لێ بەرهەم نایەت. بۆ ئەو کەسانەی کەتەمەنێکی سیاسیان هەیە ڕۆشنە کەئەم فرسەتە سیاسیانە چارەکە سەدەیە جارێک بۆ هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دێتە پێش گەر لەو قۆناغە مێژووییەدا نەتوانی دەسەڵات بەدەست بهێنیت ئەوە شۆڕش و دەسەڵات ئەسپێری بەئایندەیەکی نادیار یان بۆ جیلێکی دوای خۆت. هەر حیزب و ڕێکخراو و گروپێک بەرژەوەندی گشتی بزووتنەوەی جەماوەری و ناڕەزایەتی خەڵکی ئازادیخواز لەئەولەویەتی کارەکانی نەبێت هەر لەهەوڵی ئەوەدا بێت چۆن ڕێکخراوەکەی خۆی بەهێز دەکات ناتوانێت وەڵام بەم هەلومەرجە سیاسیە بداتەوە و ئەوەندەی تر ئەکەوێتە کەناری کۆمەڵگە. ئەم فرسەتە سیاسییە، ئەم تووڕەبوون و ناڕەزایەتییەی خەڵک کەئێستا هاتۆتە پێش گەر لەماوەیەکی دیاریکراودا نەتوانین بیقۆزینەوە ئەوا بەشێکی تری بۆرژوازی سواری شەپۆلی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک ئەبن و بەرەو هەڵدێر بەڕێی ئەخەن. ئەوسا ئەبێت سی ساڵیتر چاوەڕوانی فرسەتێکی لەم بابەتە بکەین. ڕۆشن و دیارە کەئەو کەس و لایەنانە ئەتوانن ڕابەربن کە شەونخونی ئەکەن بۆ ڕێکخستن و ڕابەرایەتیکردنی ئەو بزووتنەوە ناڕازیانەی کەئێستا شەقامی کردۆتە ماڵی خۆی .

**نووسینی: عوسمان محەمەد**


# دەربارەی هەژدەهەمین برومێری لویس بۆناپارت (The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte)



هەژدەهەمین برومێری لویس بۆناپارت وتارێکە کارل مارکس لە نێوان کانوونی دووەمی ١٨٥١ و ئازاری ١٨٥٢ نوسیویێتی. سەرەتا لە ساڵی ١٨٥٢ لە گۆڤاری The Revolutionبڵاوکراوەتەوە؛ گۆڤارێکی مانگانە بوو بە زمانی ئەڵمانی جۆزێف وایدەمایەر (هاوڕێی مارکس بوو بە ناچاری کۆچی بۆ ئەمریکا کرد) لە شاری نیویۆرک بڵاویدەکردەوە. وتارەکە نموونەیەکی دیاری چەمکی "ماتریالیستی مێژوو"ی مارکسە.

مارکس لە هەژدەهەمین برومێردا سەرنج دەخاتە سەر کودەتاکەی ساڵی ١٨٥١ی فەرەنسا، کە بەهۆیەوە لویس ناپۆلیۆن بۆناپارت، سەرۆکی کۆماری دووەم و کوڕەزای ناپۆلیۆن بۆناپارت، بووە ئیمپراتۆری دووەمی ئیمپراتۆریەتی فەرەنسا وەک ناپلیۆنی سێیەم.

مارکس هەوڵدەدات ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن سەرمایەداری و ململانێی چینایەتی هەلومەرجێکی دروستکردووە کە "کەسایەتییەکی قێزەوەن و ناوەنجی توانی ڕۆڵی پاڵەوانێک بگێڕێت". مارکس باسی دابەشبوون و هاوپەیمانییەتی نێوان بۆرژوازی و بۆرژوازی بچووک و جووتیاران و شۆڕشگێڕان و سۆشیال دیموکراتەکان لە نێوان گروپەکانی دیکەدا دەکات و چۆن نەبوونی باڵادەستی هیچ کەسێک بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی پاشایەتی، سەرەڕای شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨.


Die Revolution,
Eine Zeitschrift in zwanglosen Heften.
Herausgegeben von
J. Weydemeyer.
Erstes Heft.
Der 18te Brumaire des Louis Napoleon
von
Karl Marx.
New-York.
Expedition: Deutsche Vereins-Buchhandlung von Schmidt und Helmich.
William-Street Nr. 191.
1852.

مارکس ئیمپراتۆریەتی دووەم بە دەوڵەتێکی "بۆناپارتیستی" وەسف دەکات، ئیستسنایە لە چەمکی بنەڕەتی مارکسیستی دەوڵەت وەک ئامرازێکی حوکمڕانی چینایەتی بەو پێیەی دەوڵەتی بۆناپارتی دەبێتە نیمچە سەربەخۆ، نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هیچ چینێک ناکات.

هاوکات لەگەڵ نووسینە هاوچەرخەکانی مارکس لەسەر سیاسەتی ئینگلیز و شەڕی ناوخۆ لە فەرەنسا، هەژدەهەمی برومێر سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە تیۆری مارکس سەبارەت بە دەوڵەتی سەرمایەداری.

لێکدانەوەی مارکس بۆ سەرهەڵدان و فەرمانڕەوایی لویس بۆناپارت جێگەی سەرنجی زانایانی دواترە کە لە سروشت و مانای فاشیزم دەکۆڵنەوە. بەشێک لە زانایانی مارکسیستی کودەتاکە وەک پێشەنگێک بۆ دیاردەی فاشیزمی سەدەی بیستەم دەزانن.

دوو لە وتە هەرە ناسراوەکانی مارکس لەم وتارەدا دەردەکەون: یەکەمیان لەسەر دووبارەبوونەوەی مێژووە: "هێگڵ لە شوێنێکدا تێبینی ئەوە دەکات کە کەسایەتییە گەورە مێژووییەکانی جیهانی، وەکو دەڵێن، دوو جار دەردەکەون. لەبیری چوو ئەمەی بخاتە سەر: جاری یەکەم وەک کارەسات، جاری دووەم وەک مەسخەرە".

دووەمیان: "مرۆڤەکان مێژووی خۆیان دروست دەکەن، بەڵام بە ئارەزووی خۆیان دروستی ناکەن؛ لە هەلومەرجێکی خۆهەڵبژێردراودا دروستی ناکەن، بەڵکو لە هەلومەرجێکدا کە پێشتر هەبووە و لە ڕابردووەوە گواستراوەتەوە. نەریتی هەموو نەوە مردووەکان وەک کابوسێک قورسایی لەسەر مێشکی زیندووەکانە."

**نووسینی: توانا حەمە نوری**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## بەڕێز مامۆستا سامان بەرزە( سەرپەرشتیارک دەستەی سەرپەرشتی مامۆستایانی پشدەر وئەندامی ئەنجومەنی سەرتاسەرک مامۆستایانی ناڕازک)، وەڵامی پرسی ئەم ژمارەیەک داوەتەوە...



**پرسی ڕۆژ: پرسی مووچەی فەرمانبەران وبایکۆتی مامۆستایان**

لەماوەی ٥ مانگی ڕابردووی بایکۆتی مامۆستایان ومامۆستایانی وانەبێژ، بەرامبەرکێی مامۆستایانی ناڕازک ودەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بەرزو نزمی وگۆڕانکارک زۆرک بەخۆوە بینیوە. ئێستاش پاش دانیشتنی قوباد تاڵەبانی وەك جێگرک حکومەتی هەرێم ودەستڕۆیشتووی زۆنی سەوز لەگەڵ نوێنەرانی مامۆستایانی ناڕازک لەسلێمای دانیشتووە وهەندێك بەڵێنی پێداون بۆبایکۆتشکاندن یان هەڵپەساردنی بایکۆت. پرسی ڕۆژ چەند پرسیارێکی ئاراستەی مامۆستا سامان بەرزە، یەکێك لەهەڵسوڕاوانی مامۆستایانی ناڕازک لەقەلادزێ دا کرد.

**پرسی ڕۆژ: باسێکی کورت لەنارەزایەتی مامۆستایان لەپشدەر؟**

**سامان بەرزە:** ئێمە وەك مامۆستایانی دەڤەرک پشدەر هەمیشە و لەهەموو کایەکانی پەیوەست بە پرۆسەی پەروەردە یەك دەنگ ویەککگرتوانە. ووەك یەك جەستە کاردەکەین ورووبەڕوی گرفتە پەروەردەییەکان دەبینەوە. لەم سۆنگەیەوە وبەهۆی ئەو بارودۆخەی کە دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ سەرجەم سێکتەرەکانی ژیان بەگشتی، وپەروەرد بەتایبەتی دروستیان کردوون لەم ولاتەدا وەك هەموو ناوچەکانی ترک سنورک پارێزگاک سلێمانی وهەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین وکۆیە لە ساڵی (٢٠١٥) وە لە سنورک پشدەریش ئەنجومەنێکی سەرپەرشتی مامۆستایانی سنورەکە دروستکرا، ولەم چەند ساڵەدا چەندین مامۆستاک لە خۆبردوو ماندوو نەناس هاتونەتە ناو ئەنجومەنەکە وساڵانەش ئەندامەکانی گۆڕانکاریان بەسەرداهاتوە، و زیادوکەمیان کردووە. من وەك مامۆستایەك هەر لەسەرەتاک دروستبوونی ئەنجومەنەکەوە تاکو ئێستا ئەندام بووم ولەم ماوەیەشدا ئەرك وڕۆڵی جیاوازم پێدراوە کە هیواخوازم توانیبێتم نوێنەرێکی ڕاستەقینەی مامۆستایان بوبێتم، وئەرکەکانم وەکو خۆک ڕاپەڕاندبێت. ئەمساڵیش هەر لەسەرەتاک دەستپێکردنی خەباتی مەدەنی مامۆستایان جارێکی تر و لەگەڵ (٩) لە مامۆستایانی هاوڕێم سەرپەرشتی کار وچالاکیەکانی مامۆستایانمان کردووە، وبەشانازیەوە من لەگەڵ مامۆستا (هێمن علی گۆران) مامۆستاک دانەمەزراو سەرپەرشتیارک دەستەی ماۆستایانمان کردووە لە سنورەکە، وشانازک بە خەباتی مامۆستایان دەکەین، ویەکێك بوین لەو ناوچانەی کە تاکۆتا هەنگاو یەك دەنگ هەمووومان بەیەکەوە بوین، و مێژوویەکی پڕ لە شکۆمەندیمان نوسیەوە.

**پرسی ڕۆژ: ئایا بایکۆت هەڵپەسێردراوە یان کۆتایی هاتووە؟**

**سامان بەرزە:** بۆهەموو لایەك ئاشکرایە کە دەیان ساڵە مامۆستایان بەنەفەسێکی ئەوپەڕک پەروەردەکارانە دەستیان داوەتە خەباتێکی مەدەنی دوور لە توندوتیژک. لە چەند ساڵی ڕابردوودا وبەدیاریکراوک ئەم ساڵ خەباتی مەدەنی مامۆستایان پێی نایە قۆناغێکەوە کە لە مێژووک کوردستان بەتایبەتی وعێراق وجیهانیش بەگشتی کەم وێنە بووە، وچەندین جۆر میکانیزم وشێوازک مەدەنیان بەکار هێناوە بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵاتی بێباك، و دەسەڵاتدارانی نابەرپرسی هەرێم لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی مووچە، وداواکارییە سەرەتاییەکانی مامۆستایان، و گێڕانەوەک قوتی دزراو و مافی خوراوک مامۆستایان و فەرمانبەران. یەکێکیش لەم ڕێگا و شێوازانەی خەباتی مەدەنی بریتیبوو لە بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندن کە ماوەی (٥) مانگە مامۆستایان بە هەڵویستێکی ئەوپەڕک خۆڕاگرانە وجەسوورانە بەردەوام بوون، لە ئێستاشدا و دواک تێپەڕینی ئەم ماوەیە و بەلە بەرچاوگرتنی بەرپرسیاریەتی نەفەوتانی ساڵێك خوێندنی فێرخوازان، وبەهۆی چەند بڕیارێکی دادگاک فیدڕالی عێراق وئەو بەڵێنانەی کە جێگرک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەدانیشتنی لەگەڵ نوێنەرانی ئەنجوومونی مامۆستایانی ناڕازک بە مامۆستایانیدا، بڕیارماندا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بایکۆت هەڵپەسێرین، ودواک پەسندکردنی هەموارک یاسای بودجەی عێراق، ولەئەگەرک نەخستنە بوارک جێبەجێکردنی بەڵینەکانی حکومەت، ولەمپەر دروستکردن لە بەردەم بڕیارەکانی دادگاک فیدڕاڵی ئەوە لە سەرەتاک ساڵی داهاتووەوە جارێکیتر دەرگاک ناوەندەکانی خوێندن دادەخەینەوە.

**پرسی ڕۆژ: بڕیارک دادگاک دەستوورک سەبارەت بەکێشەی مووچەی فەرمانبەران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**سامان بەرزە:** بایکۆت و خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان و هەوڵەکانیان لە هەرێم و بەغداد، بەتایبەتی دواک بەرێکەوتنی هەزاران مامۆستا بەرەو بەغداد ورێگرییکردن لێیان لەبازگەکان، دەسەڵاتدارانی عێراقیی بەئاگا هێنایەوە، کە کێشەی مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێم، کێشەیەکی جدییە وپێویستە چارەسەر بکرێت. لە ژێر ئەم فشارانەدا حکومەتی عێراقی ودادگاک فیدراڵی هەوڵی چارەسەرک کێشەی مووچەخۆرانی هەرێمیاندا، تا دواجار دادگاک فیدراڵی لەبەرواری ٢١-٢-٢٠٢٤ چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد. بەبۆچونی ئێمە ئەم بڕیارانە بەرمەبناک خەباتی (




٥) مانگەی مامۆستایانە وئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لەمپەر وبەربەست لەبەردەمیان دروستنەکەن؟ ئەوا ئەنجامی ئەم بڕیارانە دەستکەوتێکی بەنرخ وبەرهەمدار دەبن بۆمامۆستایان وفەرمانبەران، وخاڵێکی وەرچەرخانی سەرەکی دەبن بۆ ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی لە بارودۆخ وگوزەرانی مامۆستایان وسەرجەم فەرمانبەران بەتایبەتی وهاوڵاتیانی هەریم بە گشتی.

**پرسی ڕۆژ: بڕیارک هەڵپەساردنی بایکۆت، دواک دانیشتنی نوێنەرانی مامۆستایانی ناڕازک لەگەڵ جێگرک سەرۆك وەزیرانی ماوەبەسەرچوو لەکوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا باوەڕ بەوبەڵێنانە دەکەن؟**

**سامان بەرزە:** لە ڕاستیدا لاک ئێمەی مامۆستایان بەڵێنەکانی سەرانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەك جێگاک باوەڕپێکردن، وهیوا لەسەر هەڵچنین نین. بەڵام بەرئەنجامی تیگەیشتنی مامۆستایان لە دانوستان و ڕێککەوتن لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژووک خەباتی مەدەنیدا، بڕیارک هەڵپەساردنی بایکۆت هاتەکایەوە؛ تا بۆ دواجار هەلێکی دیکەش بەدەسەڵاتی هەرێم بدرێت کە بە ئاگا بێتەوە، وئاوڕێك لە گرفتەکانی هاوڵاتیان بەگشتی و مووچەخۆران بەتایبەتی بداتەوە،

پرسی ڕۆژ: ئایا کاتی ئەوەنەهاتووە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کەماوەی نزیکەی ١٠ساڵە کۆنگرەی نەگرتووە، هەروەها مامۆستایانیش بەگشتی لەئەداک یەکێتیەکە ناڕازین. لەماوەی ئەم ٥ مانگەدا ڕابەرانی بزووتنەوەی نارەزایەتی بەدژی مووچەی مامۆستایان نەگەیشتۆتە ئەو ئاقارەی بیرلەدروستکردنی رێکخراوێکی راستەقینەی پیشەیی مامۆستایان بکەنەوە بۆنوێنەرایەتی کردنیان لەداهاتوو؟

سامان بەرزە: بەبڕواک ئێمە یەکێتی مامۆستایان لە ئیستادا هیچ شەرعیەتێکی نەماوە، لە ئەساسدا دەبێت بە میکانیزمی گونجا و بەشێوەیەك کە لەبەرژەوەندی مامۆستایان بێت ڕێکخراوەکە لەبنەڕەتەوە هەڵبوەشێندرێتەوە، و لە کۆنگرەیەکی کراوە، ودوور لە دەستێوەردانی حزب، ڕێکخراوەکە دروستبکرێتەوە وکەسانی دڵسۆز و خەمخۆرک ڕاستەقینەی مامۆستایان وپەروەردە سەرکردایەتی ڕیکخراوەکە بکەن، تا قاڵبێکی پیشەیی وەربگرێت، وپێچەوانەی مێژووک کارک چەند ساڵەی ڕابردووک ببێتە خزمەتکارێکی راستەقینەی مامۆستایان و پڕۆسەی پەروەردە.


*******

پرسی ڕۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

## د. کامەران قەرەداغی: ئەمنە سوورەکە، بینای ئەمنە سوورەکە، زیندانی ئەمنە سوورەکە زیندانی لاشەو ڕۆحی ئینسانەکان بوو...

### پرسی ڕۆژ: لە ساڵڕۆژی ئازادکردنی زیندانیانی زیندانی ئەمنەسوورەکە لەسلێمانی؟ دکتۆر کامەران قەرەداغی وەڵامی ئەم پرسەی داوەتەوە...



د.کامەران قەرەداغی: ئەمنەسوورەکەی سلێمانی؛ شوێن وناوێکی ئاشنا بەخەڵکی شار. زۆرینەی خەڵکی ئەوشارە سەرگوزەشتەی خۆی یان کەسێکی نزیکی لێ بیستووە. هەربۆیەش لەڕاپەڕینی ١٩٩١ یەکێك لەئامانجی خەڵك ڕزگارکردنی زیندانیەکانی ئەمنەسوورەکە وبەسزاگەیاندنی بەڕێوەبەران وسەرانی ئەوەدەزگایە شوومەبوو.

کتێبی" ڕۆژژمێری دکتۆرێك لەزیندان" لە٦ی ئەیلولی ١٩٩٠تاوەکو ٨ی ئازاری ١٩٩١ لەنووسینی" دکتۆر کامەران قەرەداغی"یە. کاتێك دەیخوێنیتەوە هاوسەفەر دەبیت بۆ ناوئەمنەسوورەکە، لەگەڵ هاوڕێیانی زیندان تێکەڵ بەئازار و ترس وخەم وپێکەنین وخۆڕاگری...تاد دەبیت. و لەگەڵ نان خوارد و سەرتاو و نووستن و ئەشکەنجە وئازاییان هاودەم دەبیت.

بۆساڵڕۆژی ئازادکردنی زیندانیانی ئەوزیندانە لە٨ی ئازاری ١٩٩١ پێمباشبوو خوێنەرانیش خۆیان ئەوکتێبە بخوێننەوە کەپڕیەتی لەچیرۆك و سەرگوزشتە و وێنەی مێژوویەك لەسەرکوتی بەعس وخۆڕاگری کەسانی سیاسی ولەنێویاندا کۆمۆنیستەکان. هەروەها لەپرسی ئەم ژمارەیەدا بەپێویستمزانی د.کامەران خۆی بدوێنین بەوەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك:

**پرسی ڕۆژ: زیندانی ئەمنەسوورەکە چمان پێدەڵێت؟**


د.کامەران قەرەداغی: ئەمنە سوورەکە پێش ئەوەی زیندان بوویێت ڕەمزی چەوسانەوە وزوڵم وتۆقین بوو. ڕەمزی دەسەڵاتێکی لەبن نەهاتووبوو کە تیایدا کۆنترۆڵی نەك شارێك بگرە زۆربەی کوردستانکرابوو، ڕەمزی داگیرکاری خاك و مرۆڤ بوو. ڕەمزی مرۆڤە بێویژدان و بێڕەحمەکان بوو. زیندانێکی لە بن نەهاتووی بێبن بوو کە کەس نەیدەزانی چۆن وله کوێوە دەچێتە ژوورەوە وله کوێوە لێی دەچێتە دەرەوە. ئەمنە سوورەکە بینا وباڵەخانە نەبوو، ڕۆحی تیابوو، خانوو نەبوو وەکو ئینگلیزەکان دەڵێن ماڵ بووە؛ ماڵێك تێکەڵەیەك لە ڕۆحی جوان و ناشیرینەکان، ماڵێك پڕ لە سفرەی خاڵی وبرسیەتی. ئەمنە سوورەکە شوێنی فەنتاسیا و خەیاڵاتی ونبوو، شوێنی خوێن و برینی لاشەی مرۆڤە جوان و کۆڵنەدەرەکان بوو. ئەمنە سوورەکە، بینای ئەمنە سوورەکە، زیندانی ئەمنە سوورەکە زیندانی لاشەو ڕۆحی ئینسانەکان بوو.

**پرسی ڕۆژ: کتێبی ڕۆژمێری زیندان بۆ؟**

د.کامەران قەرەداغی: سەرەتای هەموو کتێبێك، شتێك هەیە، بیرۆکەیەك یان چیرۆکێکی پێشوەختە هەیە کە لە قاڵبی کتێب دەدرێت یان وردە وردە چوارچێوەی بۆ دروست دەکرێت. دوای ئازادبوونمان دوو شت هەبوو هەم چیرۆك وهەم بیرۆکە. بۆ ئەوەی چیرۆکەکانی زیندانم لەبیرنەچێتەوە، بیرۆکەیکەم هات بەخەیاڵدا، هەر بۆ خۆشی لەسەر پارچەکاغەزی بچوك بچوك بینووسمەوە وکردم بە چەپکێك لە وردە کاغەز. دوایش لە ناو بازاڕی پێنجوێن دەفتەرێکی سپیم کڕی وهەموویم نووسیەوە بوو بە دەفتەرێکی پڕ لە یادگاری خۆم وئەو شتانەی کە بینیم، هەستم پێکرد، تامم کرد و گوێم لێبیبوو. ڕۆژمێرێك کە کۆمەڵێك یادگاری گرتە باوەش وساڵان هات وساڵان ڕۆی، زیاتر لە سی ساڵی بەسەردا تێپەڕی ویادگاریەکانیش خۆی لە بەرگێکی تازەدا بینیەوە، کە نوسینەوەی پێویستیەکی مێژوویی ورۆحی بۆ خۆم ومێژووی زیندانی سیاسی لە کوردستان.

**پرسی ڕۆژ: لەزیندانبوون وئازادبوون وئێستادا ئامانج وبیرکردنەوە وقوربانیدان چۆن دەبینیت؟**

د.کامەران قەرەداغی: زیندانی ئەمنە سوورەکە، شکاندنی دەرگاکانی ئەمنە سوورەکە، ڕزگاربوون لە ئەمنە سوورەکە و تێپەڕبوونی ٣٣ ساڵ بەسەر زیندان و ئازادی ونەمانی شتێك بەناوی زیندان و گۆڕینی بۆ شوێنێکی کەلەپووری ومۆزەخانە ویادەوەری دوو جیهانی خوڵقاند کە باسکردنیان زۆر درێژدادڕە وشوێنی تری خۆی هەیە. هەموو زیندانیەکانی ساڵانی ١٩٩٠ و١٩٩١ وبیرکردنەوەکانیان لەگەڵ ئێستا شتێکی ترە، جیهانی پێش ڕاپەڕین جیهانی ململانێی ئایدۆلۆجی وشۆڕشگێرانەبوو، وهەردووکیان (دوانەی ئایدۆلۆجی وشۆڕشگێری) ئەو کات ماناکەی تر هەبوو وئێستاش مانایەکی تری هەیە، کوردستانی باشووری ئێستا لە شوێنێکی داگیرکراوەوە بووە بە شوێنێك کە لە نیمچە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەچێت. دواوی سی وسێ ساڵ ئامانج وبیرکردنەوەی زیندانیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، زۆربەی زیندانیەکان خۆیان بەشێکن لە ئیدارەی سیاسەتی ئێستای کوردستان وبەجۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ ئامانجەکانیان گەر یەکێکیان نەگرتبێتەوە ڕازیبوونی گشتی هەیە. نزیکەی ٤٠ زیندانی چەپی تیابوو، کە زۆربەیان ئامانجیان حکومەتێکی تر بوو لە باتی ئەوەی کە هەیە، بەڵام لەوانەیە ئێستا گەر پرسیاریان لێبکەیت لە هەموو ئەو شتانە پەشیمانبووبنەوە، هەر بۆیە ئامانجی پێش گیران نایێت لە گەڵ ئێستادا بەراورد بکرێت.




**پرسی ڕۆژ: چی دیکە مابوو لەکتێبەدا بەنیازبوویت بیڵێیت یان دوای کتێبەکە بیرت کەوتەوە، یان دوایی پێتباشبوو بیڵێیت؟ پێمانخۆشە بۆپێشەوە بکەیتە ئەو مینبەرە لەجیاتی کتێبەکەت تێیدا بنووسیت.**

د.کامەران قەرەداغی: لە ڕاستیدا هەرگیز بەتەمانەبووم کە بیکەم بە کتێب و بڵاویبکەمەوە دوای ئەوەی کە بڵاویشمکردەوە، بڕیارمدا دەستکاری نەکەم و هەروەکو لە پێشەکیەکەیدا ئیشارەم پێداوە، دوای بڵاوبوونەوە و خوێندنەوەی لەلایەن زۆر خوێنەری بە کۆمێنت و ڕەخنە و تێبینیەکانیەوە، بڕیارمدا لەکاتی ڕزگاربوونمانەوە هەتاکوو دوایی لە چاپی دووەمدا بۆ زیاد بکەم. لەو کاتەوەی کە دەرگای زیندانەکان شکا هەتا ڕاکردنمان وئاوارەبوونمان بنووسمەوە.

ڕێزم هەیە بۆتان

دکتۆر کامەران: ٢١ی ٢ی ٢٠٢٤



## خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن

# بەڵێنەکانی هەڵبژاردن

### بەشی سێهەم

"هەموو هاوڵاتییەک دەبێتە خاوەن پشکی خۆی لە داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان." نێچیرڤان بارزانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٣.

بۆ کاندیدەکان ئاسانە بەڵێنی جۆراوجۆر بدەن. بۆ ناساندنی بەرنامەی خۆیان و بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەران، هەمیشە لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان و کاتی هەڵمەتەکانیدا، لایەنە سیاسییەکانی بەشداربوو و کاندیدەکان، کۆمەڵێک بەڵێن دەبەخشنەوە. ئەم بەڵێنانە وا نیشان دەدرێن، کاتێک ئەم لایەنە یان کەسە دەگاتە پەرلەمان، ئەنجومەنی شارەوانی یان پۆستی مەبەست، ئەوا ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام دەدات. بۆیە داوا لە دەنگدەران دەکات، کە دەنگی پێ بدەن، تا لە ڕێگەی بەدەستهێنانی دەنگی پێویست و گەشتن بە پۆستی مەبەست، بەڵێنەکانی بەرێتە سەر و ئەنجامیان بدات.

گەر هات و دەرچوون و گەشتنە پۆستی مەبەست، بەڵام بەڵێنەکانیان بە ئەنجام نەگەیاند، یان تەنانەت تەواو پێچەوانەی بەڵێنەکانیان بڕیاریان دا و کاریان کرد، نە دەنگدەر، نە هیچ کەس و لایەنێکی تر هیچی پێ ناکرێت. هیچ دەزگایەک نییە لێپێچینەوە بکات، چاودێری هەڵبژێردراوان بکات بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن یان ڕوونکردنەوە بدەن. بەکردەوە لە بەرانبەر بڕیار و کارنامەی کەسی هەڵبژێردراو هیچ شتێک ناکرێت. گەورەترین دەرفەت، کە لە بەردەمی دەنگدەردایە، دەنگ نەدانە بە هەمان کەس یان لایەن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، کە بە گشتی لانی کەم چوار ساڵ دواترە. لە جیهانی هەڵبژاردندا بەم دەنگ نەدانە دەگوترێت "سزا". لەمە زیاتر هیچ ناکرێت لەگەڵ نەبەردنە سەری بەڵێنەکان.

لە دیموکراسی و پرۆسەی هەڵبژاردندا زۆر بە باشی دەرفەتی ئەوە ڕەخساوە، کە بە ئازادانە بەڵێن بدەیت، دواتریش هیچی لەبەرچاو نەگریت و لە ڕووی یاساییشەوە ڕووبەڕووی هیچ لێپێچینەوەیەک نەبیت. بە گشتی لە جیهاندا وەها باوە، کاتێک بۆ نمونە کڕیارێک لە کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەک نارازییە و ئەوە نەبووە کە باس کراوە، دەتوانێت داوای قەرەبوو بکات یان سکاڵا تۆمار بکات. هەڵبژادن ئەم مافەش ناداتە دەنگدەرانی، ئەگەر بانگەشەی کاندیدەکان و کرداریان هیچ لێکچوویەکیان نەبوو و یان تەنانەت پێچەوانە و دژبەیەکیش بوون.

دەنگدەر تەنها مافی دەنگدان و دەنگ نەدانی هەیە. مافی بەدواداچوون و بەئەنجامگەیاندنی بەڵێنەکان بە یاسا نەدراوەتە کەس.

چونکە حزب و لایەنی سیاسی و کاندیدی هەڵبژاردنەکان هیچیان لەسەر ناکەوێت، لە بەخشینەوەی بەڵێن درێغی ناکەن. لە سەرتاسەری جیهاندا بینراوە، کە زۆر بە کەمی و کاڵی بەشێکی بچووکی بەڵێنەکان دەبرێنە سەر، کاتێک کاندیدەکان هەڵدەبژێردرێن و دەگەنە پۆستی خاوەن بڕیاردان. بە زۆری بەڵێنەکان هەر لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە یان تەنانەت لە بیریش دەچنەوە.

هەر بۆیە لە جیهاندا نوکتە لەسەر "بەڵێنەکانی هەڵبژاردن" زۆرە و تەنزی جۆراوجۆری بۆ داهێنراوە. لە ئەورووپا کاتێک قسەیەک دەکرێت لە ئاستی چاوەڕوانیدا نییە، بە "بەڵێنەکانی هەڵبژادن" تانەی لێ دەدرێت. گەر کەسێک بەڵێن بدات و دوودڵی لە ئەنجامەکانی هەبێت، ڕەنگە کەسی بەڵێن پێدراو بڵێت "وەک بەڵێنەکانی هەڵبژاردن نەبێت". ئەمانە و زۆر نوکتەی تر، کە سەرجەمیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە و ئاماژەن بەوەی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن تڕوهات و بێ ئاکامە.

ناکام مانەوەی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن لە سەرتاسەری جیهاندا بۆتە شتێکی باو. بۆ نمونە لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک فینلاند، پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٢٣ سەرۆکی پارتی فینلاندییە ڕەسەنەکان گوتی "جیاوازی ئێمە لەگەڵ پارتی یەکگرتوو ئەوەیە، کە ئێمە لە بیمە کۆمەڵایەتییەکانی چینی هەژاران کەم ناکەینەوە." دوای هەڵبژاردن حزبەکەی لەگەڵ پارتی یەکگرتوو حکومەتیان پێکهێنا و لە سەرەتاییترین بەرنامەکانی حکومەتیان بریتی بوو لە کەمکردنەوەی بیمە کۆمەڵایەتییەکانی هەژاران. کاتێکیش لەگەڵ ئەم ناکۆکیانەی ڕووبەڕوو دەکرایەوە، پێ نەدەچوو و ناچێت شتێکی نامۆ بێت لای، کە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن شتێک دەڵێت و پاش هەڵبژاردن و گەشتنی بە پۆستی وەزیر لە حکومەت، پێچەوانەی بەڵێنەکانی کار بکات.

ڕەنگە لە کوردستان لە هەموو جێگەیەکی تر کەمتر پێویستی بە هێنانەوەی نمونە هەبێت لەسەر یەکنەگرتنی بەڵێنەکان و کردارەکان. لە کەم جێگەی جیهان هێندەی کوردستان بەڵێنەکانی هەڵبژاردن زۆر زوو ڕووبەڕووبنەوە لەگەڵ پێچەوانەی تەواوەتی.

بۆ نمونە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ یەکێتی نیشتیمانی بانگەشەی بۆ "هەلی کار" و "ئارامی" دەکرد. بەڵام زۆری نەخایاند، کە ڕێژەی بێکاری زیاتر بوو، تەنانەت ئەوانەش کە کاریان دەکرد بە لێبڕین و چەند مانگ جارێک مووچەکانیان وەردەگرت. نائارامیش زۆر زیاتر لە جاران زیادی کرد. دەسەڵاتیش هەر لە دەستی یەکێتیدا بوو، پێش هەڵبژاردن و پاش هەڵبژاردن.

کۆمیدی سەرەکی لە کوردستان ئەوەیە، کە هەمان دوو حزب و تەنانەت بنەماڵەن، کە سی ساڵ زیاترە دەسەڵاتی ڕەهایان هەبووە، بەڵام هەڵبژاردن پاش هەڵبژاردن هەلمەت بەڕێ دەخەن و بەڵێن دەبەخشنەوە. گەر لە ئەوروپا چەند هەڵبژاردن جارێک کۆمەڵێک حزب لە حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن ئاڵوگۆڕ دەکەن و لەم ڕێگەیەوە دەنگدەر ڕەنگە چاوەڕوانییەکی لا دروست بێت، کە پارتی ئۆپۆزیسیۆن بچێتە حکومەت ئاڵوگۆڕێک ڕووبدات. بەڵام لە کوردستان ئەم هاوکێشەیە بە تیۆریش ئیمکانی نییە. دوو پارتی دەسەڵاتدار لە زاری خۆیانەوە گوتویانە، کە دەستبەرداری دەسەڵاتەکەیان نابن، گەر هاتوو تەنانەت یەک کورسیش بەدەست بهێنن.

لە بەڵێنە کۆمیدییەکانیش، ڕەنگە کەم دانە هەبێت شان بدات بەڵێنەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ دانی پشک لە نەوتی هەرێمی کوردستان بە هاوڵاتیان. دوای دە ساڵ لەو بەڵێنە، خەڵکی کوردستان نەک نەبوونە خاوەن پشک لە نەوت، بەڵکو بە ئەستەم و بە پارەیەکی زۆر بڕێک نەوتیان دەست دەکەوێت بۆ سەرمای زستان. باری دارایی و گوزەرانی خەڵکیش خراپتر بووە. نێچیرڤان بارزانیش پۆستەکەی لە سەرۆک وەزیرانەوە گۆڕدراوە بۆ سەرۆکی هەرێم. وێڕای بە ئەنجام نەگەیاندنی بەڵێنەکان، پارتەکەی هێشتا لە دەسەڵاتە و ڕەنگە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەڵێنی تر بە دەنگدەران بدەن.

ئەوەی کە بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بە ئەستەم و کەمی جێبەجێ دەکرێن و لە بەرانبەریشدا هیچ مافێک بە دەنگدەر نییە، بەشێکی ترە لە نیشاندانی وێنەی ڕاستەقینەی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان. بەڵێنەکان بەشێکن لە دروستکردنی خۆشباوەڕی. ئاسانیش پەنای بۆ دەبرێت، چونکە بەرپرسیارێتی لە بە ئەنجام گەیاندنیدا نییە.

**درێژەی هەیە...**

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەكی تایبەتی بۆپێشەوەیە كە لەهەر ژمارەیەكدا بابەتێكی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێكستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەكاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەكرنی گۆشە: كاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# دراما ومێلۆدراما

## جیاوازی سەرەکی - لە نێوان (دراما) و (مێلۆدراما) دا.

نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف

دراماکە چییە؟ مێلۆدراما چییە؟
دراما و مێلۆدراما ـ هەردووکیان ژانری واتا نوسینێکی ئەدەبیین.

### دراما:

ژانرێکی ئەدەبی فراوانە کە باس لە کارەکتەری ژیانی ڕاستەقینە و چیرۆکی ژیانی ڕاستەقینە دەکات. لە بەرامبەردا (میلۆدراما)، بە هەست و بارودۆخی زیادەڕەوی و کارەکتەری کۆنەپەرستانە تایبەتمەندە. بۆیە جیاوازی سەرەکی نێوان دراما و میلۆدراما ئەوەیە که (دراما (sad)کارەکتەرە" واقیعییەکان نیشان دەدات و گرنگی بە گەشەپێدانی کارەکتەرەکان دەدات لە کاتێکدا- (میلۆدراما)، کارەکتەرە "زیادەڕەویکراوەکان نیشان دەدات کە لەچەشنە چەقبەستووەکانەوە سەرچاوە دەگرن بەوەش چوار چێوەیەکی میتودی فکرەکە کۆدەکاتەوە.

### جۆری دراماکە چییە؟

دراما: ژانرێکی ئەدەبییە کە کارەکتەری واقیعبینانە دەخاتە ڕوو کە مامەڵە لەگەڵ ململانێ. یان ململانێیلە ژیانی ڕاستەقینەدا دەکات یان دەکرێت. چیرۆکی (جدد)ین کە شوێن یان بارودۆخێکیان هەیە کە کارەکتەرە" ئاساییەکان نیشان دەدەن کە ناکۆکن لەگەڵ خۆیان، کۆمەڵگە، یان هێزەکانی سروشت.

دراما یەکێکە لە گەورەترین ژانرە ئەدەبییەکان بەو پێیەی کۆمەڵێک بەرهەمی بەرفراوان لەخۆدەگرێت. هەریەکێک لەو بەرهەمە ئەدەبیانە تەوەری جیاوازیان هەیە وەک، (درامای تاوانکاری) ، (درامای یاسایی)، (درامای ڕۆمانسی)، (درامای مێژوویی)، (درامای ترسناک)، میلۆدراما و زۆر شتی تر.

بابەتەکانی دراماتیک چییە؟:

دەتوانن بابەتی هەنووکەیی، کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، گەندەڵی، پێشوەختەی ڕەگەزی، لێبوردەیی نەبوونی ئایینی، هەژاری، نائارامی سیاسی، دابەشبوونی چینایەتی، نەخۆشی دەروونی، نایەکسانی سێکسی، مەیخواردنەوە یان نیگەرانییە ناجێگیرەکانی دیکە لەخۆ بگرێت.

دراما:

ژانرێکە کە گەشەسەندنی سۆزداری و پەیوەندیی کارەکتەرەکانی ژیانی ڕاستەقینە لە ژینگەیەکی ژیانی ڕاستەقینەدا دەخاتە ڕوو. (فیلم) یان ڕۆمانێکی دراما، گەشەسەندنی کارەکتەری بەرفراوان نیشان دەدات و چیرۆکێکی ڕاستگۆیانە لە خەباتی مرۆڤ دەگێڕێتەوە. مەبەستی سەرەکی دراما جوڵاندنی بینەرە لە ڕووی سۆزدارییەوە.

### مێلۆدراما چییە؟

مێلۆدراما: ژێر ژانرێکی درامایە، بە کارەکتەرە کۆنەپەرستانەکان، هەستە زیادەڕەویەکان و ململانێی نێوان کەسەکان تایبەتمەندە. میلۆدراماکە ( پلۆتێک)ی وروژێنەر و وروژێنەری هەیە کە چەندین پێچ و پەنا و جێگەی سەرنجی تێدایە. کارەکتەرەکان زۆر دراماتیک و زیادەڕەوییان تێدا کراوە، زۆرجار وەکو چەشنە چەقبەستووەکان دەردەکەون، پاڵەوانە درێژخایەنەکانیان تێدایە، بەتایبەتی ئەو مێینانەی کە بێهودە هەوڵی زاڵبوون بەسەر دۆخە مەحاڵەکاندا دەدەن.

میلۆدراماکان بەزۆری هەستیارن و بە شێوەیەک داڕێژراون کە بە توندی سەرنجی هەستەکان ڕابکێشن، پێش وەسفکردنی ورد دەکرێنەوە لە بەهاکانیان. بابەتەکانی میلۆدرامایەک، لە دەوری (کارەسات) و (خۆشەویست)ی بێ بەرامبەر و لەدەستدان دەسوڕێنەوە. شانۆگەرییەکان، تەلەنۆڤێلەکان هەندێک نموونەی میلۆدراماکان: لە تەلەفزیۆنەکاندا. فیلمی "(میلدرد پیرس)" ( ١٩٤٥)، "(ئێستا)، (گەشتیار)" (١٩٤٢)، "نووسراو لەسەر (با)" (١٩٥٦)، کۆمەڵێک نموونەی فیلمە میلۆدراماتیکییەکانن.

گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە لەم سەردەمەدا زاراوەی (میلۆدراما)، بە مانایەکی نەرێنی بەکاردێت. زمان یان ڕەفتارێک کە لە میلۆدراما دەچێت زۆرجار پێی دەوترێت میلۆدراماتیک. ئەم بەکارهێنانە نزیکەی بەهەمیشەیی سووکایەتیکردنە بە میلودرامای تەواو.

جیاوازی نێوان دراما و میلۆدراما

دیسانەوە بۆ پێناسەیەکی تری دێمەوە:

دراما:

ژانرێکی ئەدەبییە کە کارەکتەری واقیعبینانە دەخاتە ڕوو کە مامەڵە لەگەڵ ململانێ یان ململانێی لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەکات.

وە مێلۆدراما ژێر ژانرێکی درامایە، واتە نوەخنێکی ژێر خانیە کە بە کارەکتەرە" کۆنەپەرستانەکان، هەستە زیادەڕەویەکان و ململانێی نێوان کەسەکان تایبەتمەندە.

میلۆدراما: وەسفێکی دراموییە کە دراماکەی کارەکتەرە" واقیعییەکان وێنا دەکات و تیشک دەخاتە سەر پەرەپێدانی کارەکتەرەکان.

مێلۆدراماکان کارەکتەری زیادەڕەوی نیشان دەدەن کە لە چەشنە چەقبەستووەکانەوە سەرچاوە دەگرن. وەسفێکی وردو گرنگ نییە تاکو بتوانین بە تەواوەتی دەرهەق بە پێناسەی تەواو بکرێت .

تەوەرەکان:

تەوەرە دراماتیکییەکان بریتین
لەو چەمکە گرنگانە کە:
لە کێشە کۆمەڵایەتییە جدییەکان وەک نادادپەروەری، نایەکسانی، گەندەڵی، هەژاری و هتد.

گرنگە کە بزانین ئێمە کە تەوەرە میلۆدراماتیکییەکان، لە دەوری ململانێی سۆزداریدا دەسوڕێنەوە. زۆربەیان لە دەوری خێزان و پەیوەندییەکان کۆدەبنەوە.

**تێبینی / ماوەتی**



## چەند کورتە شیعری: خالید بایەزیدی (دلیر)

ئاسمانی بارانی بە هاری
ئەو هەموو خەم و پەژارەی
لە کام دایکی وڵاتەکەم
بە میرات وەرگرتووە
کە ئاوا بەریژنە دەبارێت

٢

چیروکێکی تاڵە
با بە نانی دا
بەڵام!
بۆ گیانی دا

-٣

ئەم رۆژانە
ئاوێنەکان چەندە
شەرمەندەی کوڵمە سوورەکانی
هەژارانن

-٤

شیعر پاڵی بەدرەختەوە داوە
تاکوو لە ئارامی دارستان دا
خۆراگرترین شیعر
بو هەژاران بڵیی

-٥

پێشکەش بە فەرهاد پیربال
هەموو کەس دەڵێن:
فەرهاد شێت بووە
لەگەل خوی قسە دەکا
بەڵام نازانن
کە روژیك ئەم شێتە
لەگەل تەواوی جیهان دەدویٚ

**هونەر و ئەدەب ئەگەر نەتوانێت واقعیەتی ژیان و گوزەرانی زوربەی کۆمەڵگە، خەبات و تیکۆشان و خولیاکانی بۆ باشتر کردن و جوانکردنی ژیان و ئینسان دۆستی، نیشان بدات، هونەر و ئەدەبی بەرگری لە کەمایەتیەکە، بۆ هێشتنەوەی دۆخی باو... هونەری راستەقینە دژی دۆخی باوە!**



# گاری ستیڤنسن لە گەڕەکێکی هەژارنشینی ڕۆژهەڵاتی لەندەنەوە (ئیلفرد) باسی فراوانی قڵشتی چینایەتی ئەکات

## نووسینی: عامر سابیر

پێش ئەوەی باسی گاری بکەم، حەزئەکەم باسی قسەیەکی یانس ڤارۆفاکیس کە هەڵسوڕاوێکی سیاسی چەپ و ئیکۆنۆمیستێکی یۆنانییە، بکەم. ئەو باوەڕی وایە کە ئەو قسەیەی ڕۆزا لۆکسەمبێرگ، کە وتبووی "سۆشیالیزم یان بەربەرییەت"، ئێستا هاتۆتە دی و ئێمە لە ئێستادا لە بەربەرییەتدا ئەژین. یانس لە دوا کتێبیدا بەناوی (تیکنۆفیودالیزم) باسی ئەم گۆڕانکارییە و سەرمایەی هەور (کلاود کەپیتاڵ) ئەکات کە ئەمریکا و چین داگیریان کردووە. یانس باوەڕی وایە کە سەرمایەداری جیهانی گۆڕاوە بە تیکنۆفیودالیزم. ئەڵێ ئەوروپا تەواوبووە، چونکە خاوەنی کلاود کەپیتاڵ نییە، ئەڵێ بەم هۆیەوەیە کە ئەمازۆن تەنها لە ئەوروپادا لە ساڵی 2023دا بە دەیان بلیۆن دۆلار قازانجی کۆکردۆتەوە بەبێ ئەوەی یەک سێنت باج بدات. یانس کە خۆی بە مارکسی وەسف ئەکات. باوەڕی وایە کەئەمەی ئێستا هەیە سیستەمێکی نوێی ئابورییە و چیتر سەرمایەداری نییە و بە توندیش بەرگری لەم بۆچوونەی خۆی ئەکات و هۆکارەکانی باس ئەکات.

یانیس ئەڵێ لە ساڵی 2008 ەوە تا ئێستا بانقی ناوەندی وڵاتانی (جی 7) 35 تریلیۆن دۆلاریان خستۆتە سیستەمەکەوە و بەشی هەرە زۆری ئەم پارانەش چۆتە گیرفانی سەرمایەدارە هەرە گەورەکانەوە. هەرچەندە ئەو قسەیەی یانس زۆر ڕاستە کە لە 20 ساڵی ڕابردوودا قڵشتی چینایەتی گەیشتۆتە ترۆپکی و بەردەوامیش لە فراوانبوونەوەدایە، وە ئەو وەسفەی بۆ پێگەی کلاود کەپیتاڵ ئەیکات دروستە، بەڵام ئەمە و هەموو نەهامەتییەکانی ئەم سەردەمە بەرهەمی هەبوونی ئەم سیستەمە ئابورییەیە کە سەرمایەدارییە و ئەوەی کە بۆتە بەربەریزمیش، هەر میکانیزمەکانی سیستەمی سەرمایەدارییە کە وای کردووە بەم جۆرە بەربەرییەتی لێ بباری.

گاری ستیڤنسن، لە خانەوادەیەکی هەژار و کوڕی کرێکارێکی پۆستەچییە. ئەو هەرچەندە لە قۆناغی ناوەندی بەهۆی ئەوەی دوو گرام دەرمانی پێگیرابوو، لە قوتابخانە دەرکرابوو، بەڵام توانی بچێتە زانکۆی (ئێل ئێس ئی-لەندەن سکوڵ ئۆف ئیکۆنۆمیکس) و لەوێ لەگەڵ کوڕ و کچی بلوێنەرە ڕوسی و عەرەب و چینییەکاندا بخوێنێ. ئەڵێ بە بەراورد بەوان کە خاوەنی پرۆفایل و ڕیزیومی درێژ بوونە، وتومە هەرگیز ناتوانم ئیشم دەستبکەوێ. گاری هاوڕێیەکی ئاگاداری ئەکاتەوە کە ستی بانک هەر ساڵی کەسێک وەرئەگرن ئەگەر بتوانێ لە پێشبرکێی یارییەکی کارت و تاقیکردنەوەیەکی ماتماتیکدا دەربچێت. گاری ئەڵێ بەهۆی ئەوەی لە یاریی کارت و ماتماتیک باش بوومە، چوم تەقدیمم کرد و بەشداری پێشبرکێکە بووە و بردویەتییەوە و ستی بانک ئیشیان پێ داوە. گاری لە تەمەنی 21 ساڵیدا لە 2008 تا 2014 لەگەڵ ئەو بانکە ئیش ئەکات و ئەبێت بە ملوێنێر و خاوەنی دەیان ملیۆن دۆلار. لە 2011 دا بە سەرکەوتووترین (ترەیدەر) لە ئاستی دنیادا ئەناسرێ. گاری ئەڵێ بەهۆی ئەوەی ئیکۆنۆمیستەکان هەموو لە خێزانە دەوڵەمەندەکانن و ئاگایان لە ژیانی خەڵکی ئاسایی نییە، بۆیە لە 2008 ەوە هەموو ئەو پێشبینیانەی ئەیانکرد کە گوایە وەزعی ئابوری لە ساڵی داهاتوودا بەرەوباشتر ئەچێ، کەچی بەردەوام پێشبینییەکانیان هەڵە دەرئەچوو. گاری شانازی بەوەوە ئەکات کە بەردەوام پێشبینییەکانی خۆی ڕاست دەرچووە. لە 2011 دا گاری بە پێچەوانەی هەموو ئیکۆنۆمیستەکانی ستی بانک ئەڵێ وەزعەکە نەک باشتر نابێ، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە قڵشتی چینایەتی فراوانتر ئەبێتەوە و دەوڵەمەندەکان سەرمایەکانیان زیاتر ئەکات و هەژارەکان هەژارتر و چینی مام ناوەندیش بەرەو هەژاری ڕۆدەچن. ئەو لە ستی بانک لە ڕێگەی دانی قەرزی کورت ماوە بە خەڵکییەوە، قازانجێکی زۆر باش بۆ بانک و پاشانیش بۆ خۆی پەیدا ئەکات. گاری لە 2008 دا ئیش وەرئەگرێ، لەو ساڵەی کە سیستەمی سەرمایەداری تووشی قەیرانێکی قوڵ ئەبێت و بانکەکان هەرەس دێنن و حکومەتەکانی سەرمایەداران بە هانایانەوە ئەچن وبەبیانوی پاراستنی کەرتی داراییەوە، بە سەدان بلیۆن دۆلار ئەدرێ بە بانقەکان و ئەخرێتە خزمەتیانەوە.

گاری کە پاشتر ئەچێتە ئۆکسفۆرد و لەوێش ئابوری ئەخوێنێ، ئەڵێ ئەوەی لە زانکۆکاندا ئەخوێندرێ لە سەر ئابوری، هیچ ڕەنگدانەوەی ئەو واقعەتە نییە کە ئەبیندرێ و بە هیچ شێوەیەک باسی نایەکسانی و دابەشکردنی داهات لە کیروکیلەمی خوێندنی زانکۆدا نییە. گاری ئێستا هەڵسوڕاوێکی چالاکە لە دژی نایەکسانی ئابوری و بەشداری ئەو کەمپینەیە کە لە دژی فراوانبوونەوەی قڵشتی چینایەتی بەڕێخراوە.

بە پێچەوانەی ئوسترالیاوە لە بەریتانیا بەکارهێنانی وشەکان و شێوازی قسەکردنی هەژاران و چینی کرێکار زۆر جیاوازە لە شێوازی قسەکردنی چینی بۆرژوازی. گاری بە زمانی زەحمەتکێشان و بەشێوەیەکی سادە، شەرحی ئەو قڵشتە چینایەتییە ئەکات کە لە 2008 ەوە، وە بە تایبەت لە کاتی کۆرۆناوە خولڤاوە. گاری بە زمانە سادەکەی تەجرەبەی خۆی و ئەوەی بینیویەتی وئەوەی پێشبینی ئەکات ئەگێڕێتەوە و شیدەکاتەوە و لە کەناڵی یوتیوبەکەی خۆیەوە بەناوی (گاریس ئیکۆنۆمیکس) باسی ئەکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ زۆر لە کەناڵە چەپ و سەربەخۆکاندا چاوپێکەوتن ئەکات و وەڵامی پرسیارە ئاڵۆزەکان بە سادەیی ئەداتەوە. گاری بەردەوام لە (زە گاردیان) دا ئەنوسێ، کتێبێکی بە ناونیشانی (زە ترەیدین گەیم) کە لە مانگی داهاتوودا لە 5ی مارسی 2024 دا لەیەک کاتدا بە هەشت زمانی جیاجیا، سەرەڕای ئینگلیزی بە (چینی و فینلەندی و ئیسپانی و فەرەنسی و ئەڵمانی ....هتد) بڵاوئەکرێتەوە.

گاری ئەڵێ لە 2019 ەوە حکومەتی بەریتانیا 850 بلیۆن پاوەندی خستۆتە بازاڕەوە (350 بلیۆن چاپکردنی پارە و 500 بلیۆن قەرزکردن)، وە ئەڵێ کە ئەم ڕێژەیە لە ئەمریکادا 10 تریلیۆن دۆلارە (کە حکومەتی ئەمریکا لە 2019 ەوە خستویەتییە سیستەمەکەوە). گاری باسی ئەوە ئەکات کە چۆن بەشی هەرە زۆری ئەم پارارانە کە خراوەتە سیستەمەکەوە، بە ڕاستەوخۆیی و بە ناڕاستەوخۆیی چۆتە گیرفانی هەرە دەوڵەمەندەکانەوە.

گاری ستیڤنسۆن، چونکە لە ڕوانگەیەکی سۆشیالیستیەوە لە کێشەکە ناڕوانێ، تاکە ڕێگە چارەیەک کەپێشنیاری ئەکات بۆ کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانی ئێستا و قڵشتی چینایەتی تەنها لەوەدا ئەبینێ کە باجی سەر کۆمپانیا و سەرمایەدارەکان زیاد بکرێت و جیاوازی چینایەتی کەم بکرێتەوە. ئەڵێ ئەگەر خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەم هەڵاواردن و جیاوازییە چینایەتییە قوڵە نەیەنە دەنگ و کارێک نەکەین، ئەوا خەڵکی هەژارتر ئەبێت و ئاستی ژیان لە بەریتانیا و ڕۆژئاوادا، وەک نەیجیریا و بەرازیل و هیندستانی لێ دێت و نەوەکانی ئەم جیلەی ئێستا و داهاتوو، هەرگیز ناتوانن ببنە خاوەنی خانووی خۆیان.

دەوڵەمەندەکان هیچ باج نادەن، ئەوان چەند ملیۆنێک ئەدەن بە چەند ژمێریارێکی زۆر باش و چەند پارێزەر تا خۆیان لەهەموو باجێک بپارێزن. وە ئەوان بە یاسا ئەم کارە ئەکەن، چونکە سیستەمەکە بە شێوەک دیزاین کراوە تا ئەوان فێڵی یاسایی بکەن و خۆیان لە دانی باج بپارێزن. گاری ئەڵێ ئەگەر دەوڵەمەندە عیملاقەکان هێندەی ڕێژەی سەدی هەر کرێکارێکی تری ئاسایی (کرێکاری کارگەیەک، کارگوزارێک، شۆفیری پاسێک یان پەرستارێک) باج بدەن، کە هەر دووهەفتە جارێک لە کرێکەیان ئەبردرێ و دەوڵەت ئەیبات، ئەوا ئەتواندرێ ئەم نایەکسانییەی ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر کەم بکرێتەوە و سیستەمەکە بپارێزرێ لەوەی هەرەس بهێنێ.

بەهەرحاڵ خوێندنەوەی باسەکانی گاری و گوێگرتن لە چاوپێکەوتن و ڤیدیۆکانی، نەک هەر خۆشە، بەڵکو سودمەندە بۆ هەر کەسێک کە دژی سەرمایەداری بێت و مەشغەڵەی نایەکسانی ئابوری و بنیاتنانی دنیایەکی باشتر بێت.

تۆماس پیکیتی کە ئیکۆنۆمیستێکی فەرەنسییە و پسپۆڕە لە (نایەکسانی و دابەشکردندا) و سەرمایەداری خۆش ئەوێ و زیاتر نزیکە لە باڵی چەپی بۆرژوازی فەرەنسی. ناونیشانی یەکێک لە دوا کتێبەکانی کە لە 2020 دا بڵاویکردۆتەوە، بریتییە لە (کاتی سۆشیالیزمە). پیکێتی ئەڵێ لە 1990دا لە تەمەنی 19 ساڵیدا کە لەگەڵ گروپێک قوتانی فەرەنسادا چووە بۆ ڕۆمانیا بۆ پشتیوانی شۆڕشی گەنجانی ڕۆمانیا لە دژی ڕژێمی چاوچیسکۆ، ئەڵێ ئەگەر کەسێک بیوتایە تۆ ڕۆژێک کتێبێک ئەنووسی بەم ناونیشانە، ئەوا ئەم وت ئەمە لە گاڵتەیەکی گەورە زیاتر هیچی تر نییە. ئەڵێ بەڵام ئێستا لە پاش سی ساڵ ئەم کارەم کرد. پیکێتی ئەڵێ "من ئێستا گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە بیر لە شێوازێکی نوێ بکەینەوە بۆ تێپەڕین لە سەرمایەداری، بیر لە فۆرمێکی نوێی سۆشیالیزم بکەینەوە "پیکیتی بەردەوام ئەبێ و ئەڵێ " سۆشیالیزم گونجاوترین ڕێگەیە بۆ وەسفکردنی بیرۆکەی سیستەمێکی ئابوری جێگرەوە بۆ سەرمایەداری". پیکێتی نوسەری کتێبی (سەرمایە لە سەدەی بیست و یەکدا) کە لە 2013 نووسیوێتی و لە 2018 دا کراوە بەکوردی. بەهیوای ئەم کتێبەشی (کاتی سۆشیالیزمە) وەرگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی.

بەها و سەروەتی تەنها یەک کۆمپانیای ئەمڕۆی دنیا (مایکرۆسۆفت)3.1 تریلیۆن دۆلارە، کە هێندەی سەروەتی (جی دی پی) یەک ساڵی تەواوی هەموو وڵاتانی کیشوەری ئەفریقایە کە 1.4 بلیۆن کەسی تیادا ئەژی. ئەم نایەکسانییەیە کە (تۆماس پیکێتی)شی وا لێکردووە، کە بڵێ سۆشیالیزم ڕێگە چارەیە. زیاتر لە 30 ساڵ پێش ئێستا مەنسور حیکمەت وتی "هیچ کات هێندەی ئێستا چینی کرێکار پێویستی بە کۆمۆنیزم نەبووە" . هەروەها وتی "بنچینەی سۆشیالیزم ئینسانە، سۆشیالیزم گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان".

سیستەمی سەرمایەداری لە ئەزمەیەکی قوڵدایە، بەداخەوە لە ئێستادا سۆشیالیزم و ڕێگەچارەکانی چینی کرێکار بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی سیستەمی ئێستا و بنیاتنانی سۆشیالیزم، نەبووە بە ئەڵتەرناتیڤی عەمەلی چین و بزوتنەوەکەمان. هێشتا لە زۆر وڵاتاندا باڵی ڕاستی بۆرژوازی و پۆپۆلیستە نازی و فاشیستەکان سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی کرێکاران و خەڵکی مەحرومکراوی وڵاتەکان بوونە و کورسییەکانی پەرلەمانیان زیاد ئەکات. لەو قەیرانە قوڵەی کە سیستەمی سەرمایەداری لە 1929دا تووشی بوو، واتە (گرانی گەورە - گرەیت دیپرێشن) لە ئەڵمانیادا هیتلەری هێنایە بوون، کە ئەو ماڵوێرانییەی بەسەر ئەڵمانیا و جیهاندا هێنا. چینی کرێکار نابێت خۆشخەیاڵ بێت بە بەچکە هیتلەرەکانی ئەم سەدەمە کە بە هێرشیان بۆ سەر پەنابەران، دەسەڵات بگرن و درێژە بەتەمەنی سیستەمی سەرمایەداری بدەن.

ئەم سیستەمە پێویستی بە هەڵوەشانەوە و گۆڕانکاری ڕیشەیی هەیە. لەم سیستەمەدا چاکسازی و ڕیفۆرم ئەگەر بشسەپێندرێ، ئەوا کاتییە و چارەسەری کیشەکانی چینی کرێکار ناکات، وەڵام دامەرزاندنی سۆشیالیزمە. لەم خەباتەدا چالێنجەکانی بەردەم چینی کرێکار زۆرە، لەم خەباتەدا کێشە و ئاستەنگی نوێ پەیدا بووە کە پەنجا ساڵ پێش ئێستا وجودی نەبووە، ئەنتەرناسیۆنالێکی نوێ پێویستە، بڵاوبوونەوەی دیدگای سۆشیالیستی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی سەرتاسەری هەموو چینەکە و پەرەسەندنی حیزبییەتی چینی کرێکار و پێکەوە گرێدانی خەبات و هاوپشتی و هەرەوەزی هەموو چینەکە لە ئاستی دنیادا پێویستە. کرێکارانی سۆشیالیست و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست ئەرکیانە کە ببنە بەستەری لێکهەڵپێکانی ئەم خەباتە چینایەتییە لە ئاستی وڵاتەکان و لە ئاستی نیونەتەوەییدا.

**تێبینی: ئەمەی خوارەوە یەکێک لەو چاوپێکەوتنانەی گاری ستیڤنسنە.**

**https://www.youtube.com/watch?v=DVvoyRpxG-A**



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## توانای ئاژیتاتۆر لە ڕێکخراوکردندایە

### بەشی سیانزەهەم

توانای چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوونیدایە. ئەمە حوکمێکی سەرەتایی خەباتی چینایەتیی کرێکارانە. بەڵام سەبارەت بە هەر کرێکارێکی خەباتگێڕی تاکیش ئەم حوکمە ڕاستە. ڕێکخراوبوون ئەگەر ڕێکخراوێکی پرۆلیتاری بێ، هێز بە کرێکاری خەباتکار دەبەخشێت، پشتبەخۆبەستوویی ئەو زیاد دەکات، ورە و چاونەترسی و دڵنیایی ئەو لە سەرەنجامی کارەکەی دەکاتە دەیان جار. ڕابەرانێکیش کە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئێمەوە دەکەن، دەبێ ئەو هەستەیان لا پەیدا بێت. ڕێکخراوبوون لە حیزبدا دەبێت بەو مانایە بێت کە ئەوان مەسەلەی ڕابەریکردن باشتر ئەنجام ئەدەن، هەست بە ئەمنییەتی باشتر دەکەن، دڵنیایی زیاتریان لە بەردەوامکاری خەباتیان دەبێت، کارتێکردنی زۆرتر بەجێ دەهێڵن، لەبەرامبەر دوژمندا خۆیان بەهێزتر دەبینن و دڵنیایی زۆرتر دەبینن. سەبارەت بە کاریگەری و سەرەنجامی چالاکییەکانیان بۆ سەر خێزان و ژن و منداڵەکانی خۆیان چ لەڕووی مادی و چ لەڕووی مەعنەوییەوە. سەتحیگەرێتی سیاسی و ڕێکخراوەیی گروپە پۆپۆلیستەکان و بایەخنەدانیان بە پێداویستییەکانی کرێکارانێکی خەباتکار، کە ڕوو لە کاری ڕێکخراوەیی دەکەن، بەکردەوە لە زۆر جێگادا ڕێکخراوی سیاسی دەکردە قورساییەک بەسەر پێی کرێکارانی خەباتکار و بارێک بەسەر شانیانەوە. شێوەکاری حیزبی کۆمۆنیست، شێوەکارێکی ترە. ئەمە دەبێ بە عەمەلی بسەلمێنرێ.

**٤) لە کۆتاییدا جارێکی تر دەربارەی گرنگیی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست**

ڕاکێشان و پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستەکان پرۆسەیەکی دژوار و درێژخایەنە. بەڵام لە سەرەتاشەوە بڕیار نەبووە شۆڕشی کۆمۆنیستی کارێکی سادە بێت و زوو بە ئەنجام بگات. ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست یەک پایەی ئەم شۆڕشە کۆمۆنیستییەیە. تا ئەو کاتەی کۆمۆنیستەکان لە مەیدانی کاری سیاسیدا خۆیان تەنها بە کاری نهێنییەوە ببەستنەوە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەشی، کە لەم مەیدانەشدا کاری خۆیان بە باشیش بەرن بەڕێوە) و مەیدانی کاری عەلەنی و ڕابەرایەتی جەماوەری بەو بەشانە بسپێرن، کە لانی زۆر توانای خەباتیان بۆ ڕیفۆرم هەیە و ڕیفۆرم و توانای شۆڕشگێڕی چینی کرێکار لە چوارچێوەی یاسا و بڕیارەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا دەهێڵێتەوە، شۆڕشی کۆمۆنیستی ئیمکانی نییە. کۆمۆنیستەکان حەکیمێکی خێرخوا نین کە چینی کرێکار "بە شێوەی گشتی" هۆشیار بکەنەوە، بەڵام بە شێوەی موشەخەس و لە خەباتی عەمەلیدا بیدەنە دەست سەندیکالیزم و ڕیفۆرمیزم.

ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست بۆ ڕابەریکردنی جەماوەری کرێکاران نەک تەنها بەشێکی جیانەکراوەی هەر تێکۆشانێکە، بەڵکە لەڕووی هۆشیاریشەوە، بە ڕادەیەک کە ئەم هۆشیارییە دەبێ لە دڵی خەباتی ئێستا و عەمەلیدا فێر بێت، ڕۆڵی حەیاتی هەیە. حیزب بەبێ ئاژیتاتۆری حیزبی ناتەواوە و بە ناچاری سەرکەوتوو نییە. بەڵام ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست لەسەر درەخت سەوز نابێ، بەرهەمی کاری پەیگیر و درێژخایەنی کۆمۆنیستەکانە لە دەروونی چینی کرێکاردا.

دەبێ کارێک بکەین کە دەورانی بێ ڕابەرایەتی کرێکاران کۆتایی بێت و باشترین توخمەکانی چینی کرێکار، کرێکارانی کۆمۆنیست، ڕابەران و ڕێکخەرانی کاری جەماوەری بە هیمەتی حیزبی کۆمۆنیست و چینی کرێکار لە کارخانەکان و گەڕەکەکان، لە مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان، سەنگەر و ڕاپەڕیندا، بەدەست بێنین ... دەبێ کارێک بکەین، کە لە سبەینێیەکی نزیکدا، لە هەموو جێیەک بۆرژوازی لەگەڵ کرێکارانی ناڕازی و ڕاپەڕیو ڕووبەڕوو بێتەوە، لەسەروو وە لە پێشەوەی ڕیزەکانی ئەواندا کرێکارانی کۆمۆنیستی پەیگیر ببینن، کە لە یەک حیزبی سیاسی نهێنی بە دیسپلینی پۆلایین بە یەکترییەوە گرێ دراون. کرێکارانێکی کۆمۆنیست کە ئەڵقەی پەیوەستکەری جەماوەری مەزنی کرێکارانن لە ڕێکخراوی پیشەیی ئەم چینەوە، واتە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. ئەگەر دەمانەوێ ئەو ڕۆژە زووتر بگات، ئەمڕۆ دەبێ بە شێوەیەکی جیددی مەسەلەی پێکهێنان و بەرفراوانکردنی ڕێکخراوی نهێنیی کۆمۆنیستی لەنێوان کرێکاراندا لەگەڵ مەسەلەی پەروەردە و ڕاکێشانی کۆمۆنیستەکان پێکەوە گرێ بدەین. دەرککردن بە گرنگی و جێگای ئاژیتاتۆری کۆمۆنیست، هەنگاوی یەکەمە لەم ڕێگەیەدا.

**سەرچاوە: حوزە های حزبی و آکسیون های کارگری – "کمونیست"، شمارەهای ١٧، ١٨، ١٩ و ٢٠ – اسفند ٦٣ تا خرداد ٦٤**

**وەرگێڕانی: ئاوات سەعید، ڕزگار مەحەمەد تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین**

# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی ئاوا لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.

بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامرازە فیکری و کەلتووریەکانی یەخسیرکردنەوە دایهێناوە زۆر لەمانە مەزنتر و کارامەترە. قازانج پەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لە قەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بەشێوەیەکی گشتی لەقەڵەمدەدرێت و وەکو بەها بەرزەکانی بەشەر تەقدیس دەکرێت. لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوە و پاشکۆی پەیوەندی نێوان کالاکانە. جێوشوێنی ئینسانەکان لە پەیوەند بە خاوەندارێتیەوە پلەوپایە و بەهای ئەوان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگەی کۆنی تێکشکان و وڵاتەکانی پێکهێنا. ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لە تێکڕای مێژوودا، لە گەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئاڵا و جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتەوە.

بیروباوەڕی زاڵ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. بەڵام باڵادەستی و کۆنترۆڵی فیکری و کەلتووری و ئەخلاقیی بۆرژوازی بەسەر ژیانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا لە ڕووی مەودا و قووڵیەوە بێوێنەیە. شۆڕشە زانستی و تەکنیکی و پیشەسازیە مەزنەکانی دووسەد ساڵی ڕابردووو میکانیزمی بەهێزی بازاڕ کە هەموو سنورێکی میللی و ڕەگەزی و سیاسی و کەلتووری بەزاندووە، ئیمکاناتێکی بەرینی خستۆتە بەردەستی بۆرژوازی بۆ پاراستنی باڵادەستیی ئایدۆلۆژی و ڕەواج پێدانی پرەنسیپ و بیروباوەڕە خورافیەکانی خۆی لە ئاستێکی جیهانیدا. لە قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی هزرو بیروبۆچوونیشدا، ڕێک وەکو قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی شمەک، توانای خوڵقێنەرانەی ئینسان بووەتە چەکێک لە دژی خودی خۆی. ئەو داهێنان و پێشکەوتنە بێشومارانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە زەمینەی گۆڕانکاری لە شێوازە ئەدەبی و هونەریەکان، گۆڕانکاری لە میدیا بیستراو و بینراو و کۆمپیوتەریەکان و لە پەرەپێدانی مەیدانە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی کەلتووریدا ڕوویداوە، لە پلەی یەکەمدا، بووەتە مایەی بۆمبارانکردنی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی ملیۆنیی خەڵک بە بیروباوەڕە بۆرژواییەکان، لە شکڵ و شێوەی کاریگەرتر و ئاڵۆزتر و هەمەڕەنگتردا. سەرهەڵدانی هۆیەکانی پەیوەندی گشتی و ئەنفۆرماتیکی و تۆڕەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و لەم دوو دەیەی دواییدا، کە کۆکردنەوە و گواستنەوەی خێرای زانیارییان لە سەرانسەری جیهاندا زۆر ئاسان کردۆتەوە، بەدەستی بۆرژوازیەوە بوونەتە دامودەزگای زەبەلاحی پەخشکردنی زانیاری شێوێنراو و داسەپاندنی بیروباوەڕ و هەڵخڕاندنی خەڵکی لە ئاستی سەدان ملیۆنیدا. میدیا و پیشەسازیی نمایش، کە خۆیان لە پڕقازانجترین قەڵەمڕەوەکانی جموجۆڵی سەرمایەن، بەشێکی زۆر لە ئەرکە تەقلیدیەکانی دامەزراوەی خێزان و دەزگا دینیەکان و تەنانەت ئۆرگانەکانی سەرکوتیان لە کۆمەڵگە گرتۆتە ئەستۆ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینن لە پاراستنی ئەم هاوسەنگیە ئایدۆلۆژیەی لە کۆمەڵگە هەیە، لە گواستنەوەی بیروباوەڕ و مەعنەویات و ئەخلاقییاتی زاڵ بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە پاوانکردنی فیکریی و لە قاڵبدانی مێشکیان، لە بەتاکخستنەوە و تۆقاندنیان و پوچەڵکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونە ڕەخنەگرانەکان لە کۆمەڵگە. ئەم دامەزراوانە و ئەم شێوە مۆدێرنانەی پاوانکردنی فیکریی و کەلتووریی کۆمەڵگە، کۆڵەکەیەکی سەرەکی سەقامگیریی سیاسی کۆمەڵگەی بۆرژواییە، بەتایبەت لە هەلومەرجی قەیران و بێئاسۆیی و بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی گشتیدا.

خەبات لە دژی بیروباوەڕ و دید و بۆچوون و ئەخلاقییاتی کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە، لایەنێکی هەمیشەیی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەرکێکی گرنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بووە.




## ستاری چیمەنتۆ: تەنیا شتێك کە ئەم دوو دەسەڵاتە "پارتی و یەکێتی" لەسەری کۆکن و لەوێدا هیچ گرژییەك بوونی نییە، سەرکوتی ئازادییەکان و زیندانیکردنی خەڵکی ناڕازی و بێ مووچەکردن وبرسیکردنە..!

# دیمانە لەگەل هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست ستار حەمە عەلی ناسراو بە "ستاری چیمەنتۆ" سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی...

### بەشی دووەم و کۆتایی

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** ئەوەی کە هەفتەی ڕابردوو پلاسخارت، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، هۆشداری دا بەوەی، کە دەبێت عێراق مووچەی فەرمانبەران بنێرێت، بەدیوەکەی تریدا هەڕەشەیە لە یەکێتی وپارتی، کە لەوە زیاتر سەرەڕۆیی نەکەن وپابەند بن بەو پلان و گرێبەست و بەڵێنانەی کە لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و ئامریکادا دەگوزەرێ. بۆیە ئەو



**کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە ودەرکەوتەکانی ئاییندەی، بەتایبەت لەدوای شەڕی غەززە وە، هێندە ئاڵۆز و خێرا و کاریگەرە، کە دەشێت نەك هەر دەسەڵاتەکەی بەغداش بگۆڕێت، بەڵکو سنوورەکان و کۆی دەسەڵاتەکانی ناوچەکەش ئاڵوگۆڕی جیددی بەسەردا بێت!!**

هەنگاوانەی بەغدا بۆ لە چوارچێوەخستنی دەسەڵاتەکەی هەرێم و حەتمەن لەدوا ئامانجیشیدا بۆ گێڕانەوە و کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتەکەی بەغدایە...

بەڵام من ئەوەشم لەبەرچاوە، کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە ودەرکەوتەکانی ئاییندەی، بەتایبەت لەدوای شەڕی غەززە وە، هێندە ئاڵۆز و خێرا و کاریگەرە، کە دەشێت نەک هەر دەسەڵاتەکەی بەغداش بگۆڕێت، بەڵکو سنوورەکان و کۆی دەسەڵاتەکانی ناوچەکەش ئاڵوگۆڕی جیددی بەسەردا بێت!! ئیتر ئەوکاتیش دەسەڵاتێک لەبەغدا و لەهەرێمیش بەم شێوازەی ئێستایان نامێننەوە!، بەڵام جارێ زووە بۆ قسەکردن لەسەر سنوور وداڕشتنەوەی دەسەڵاتەکانی ناوچەکە.

بکردایە، چونکە بەپێی هەر پێناسەیەکی نەتەوەیی و سنوورەکانی ئەدەبیات و جیۆسیاسی ئەم سەردەمە (کە من لەوانەیە جیاوازی بۆچوونم لەسەری هەبێت) کوردستان لەعێراقدا کەرکوک وخانەقین و چەندین جێگای تر دەگرێتەوە، نەک هەر بەتەنها ئەو سێ شارەی هەرێم کە بەشێوەیە لەشێوەکان وهەمیشە لەژێر هەڕەشەدا، ستەمی نەتەوەیی لەسەر لاچووە.

بۆیە من دەڵێم بەڵێ، ئەو دەسەڵاتە مەزهەبی و ڕەگەزپەرستەی ناوەند دەیەوێ ئەو ستەمە نەتەوەیی سیاسەتە دژی ئینسانیەی

ئەوەیە، کە هەموو ئەوانە کۆمەڵە پرسێکی دروستکراوی دەستی چینە باڵا دەسەڵاتدارەکانن و لە ئێستادا، چینی بۆرجوازیە، بۆ هەرچی زیاتر قووڵکردنەوەی پێکدادانەکانی نێوان خەڵکی چینە نەدار وسادەکە وهێشتنەوە ودرێژەدان بەتەمەنی پڕ لە دڕندەیی خۆیان وەک چینە باڵا و سەرمایەدارەکە..

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان بەشیوەی گشتی دژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمن و بەکردەوەش ئۆپۆزیسیۆنی بۆژوازی کورد،**

کوردستان، جگە لەوەش هەڵوێستی هەلپەرستانە و دژی ئینسانیانەی ئەحزابی بەناو ئۆپوزیسیۆن، بەسە بۆ ئەوەی، کە هەرگیز ئەو حیزبانە نەک هەرناتوانن ژیانێکی ئاسوودە بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکەن، تاکە ئەڵتەرناتیڤێک، کە خەڵکی کوردستان دەستی بۆ ببات، خۆدوورخستنەوەیە لەو حیزبانە و تەواوی ئەو ڕێکخراوانەی کە سەر بەوانن. جگە لەوەش هەوڵدان بۆ خۆ ڕێکخستن و یەکگرتن لەپێناو خواستی ڕۆژانە و خواستە دوورماوەکانی لابردنی ئەو دەسەڵاتە.. لەهەر شوێنێک وە لەهەر کاتێکدا خەڵکی بۆیان لوا پێویستی بە بردنەپێشەوەی شێوازی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری و شورایی وە یاخود شێوازی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆیە، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانێکی باشتر وشایستە..

بێگومان سۆشیالیزم تاکە ئەڵتەرناتیڤە، بەڵام شۆڕشی سۆشیالیستی، پێویستی بە شۆڕشی بەردەوامە، واتا هوشیاریی هەمەلایەنە و پراکتیزەکردنی ڕۆژانەی دەسەڵاتی سەربەخۆ ودوور لە ئەحزاب و چینی دەسەڵاتدار و دروستکردنی ئەنجومەن و شورای گەڕەک و کارگەو فەرمانگەکان، کارکردن لەسەر نارەزایەتی وفشاری بەردەوام لەسەر دەسەڵات، هاوکاری پتەوی خەڵکی کەمدەرامەت لەگەڵ یەکتری بەشێوەی تۆڕی بەرفراوان لە شوێنەکانی ژیان، تا خەڵکی لەجیاتی بەردەرگای ئەحزاب و ڕێکخراوە زەردەکانی ئەوان بۆ ژەمەخوارن و کەمێک سووتەمەنی بگرن، بەڵکو خۆیان پشتیوان ولەپەنای یەکتریدا بن..

ئەمانە هێڵی گشتیی ئەو هەوڵانەن، کە

**خەڵکی کوردستان ئەزموونی شوراکانیان نەك هەر بینیوە، بەڵکە خۆیان بەکردەوە جێبەجێیان کردووە وژیانی خۆیانیان لە ئازاری 1991 دا پێ ڕێکخستووە، بۆیە وازهێنان لە بانگەواز بۆ دەسەڵاتی حیزب ودەستبردن بۆ ئەڵتەرناتیڤی شورایی وەیا هەر ناوێکی تر کە بەکردەوەر دەرهێنانی دەسەڵاتی خودی خەڵکی زەحمەتکێش مانا بکات، یەکێکە لەو ئەرکە فەوریانەی کە دەکەوێتە سەر شانی کۆمونیستەکان..**

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟ لاتان وایە جارێکی تر ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان دوبارە دەبێتەوە؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** من دەپرسم، ئایا بەڕاست پرسی نەتەوە وە بەتایبەت نەتەوەی کورد لە عێراقدا، لەسایەی دەسەڵاتێکی شۆڤێنی فاشیستی قەومی و مەزهەبی وەک عێراقدا چارەسەر دەبێت؟؟

ئێوە دەپرسن، جارێکیتر ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان دووبارە دەبێتەوە؟!!

منیش دەڵێم، دەبوایە پرسیارەکەتان بەشێوەیەکی تر و ڕوو بە خەڵکی هەرێم

لە کەرکوک و ناچەکانی تریش بەرفراوان بکاتەوە و جارێکی تر لەڕێگای میلیشیا پڕچەککراوەکانی بەڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم پاکتاوچی زمان وڕەگەز، ئازارو نەهامەتیەکی تر و سەرکوتگەریەکی تر ئیزافە بکاتە سەر هەموو ئەو چەوساندنەوە سەرکوتانەی، کە ئەحزابەکانی دەسەڵاتداری بزووتنەوەی کوردایەتی بەخەڵکی کوردستانیان کردووە..!

دوا شت، کە لەسەر پرسی نەتەوە، دین، ڕەگەز و ڕەنگی پێست و چی وچیتر بیڵێم

**ئەڵتەرناتیفێکی باشتری دەسەڵات نییە و لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت جڵەوی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بکات، خەڵکی کوردستان دەبێ چی بکات، تا لەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوشیوەکانی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ڕزگاری بێت؟ بەکورتی چ ڕیگاو ئەڵتەرناتیفێک بۆ باش بوونی ژیان و گوزەران و ئایینندەی سیاسی کوردستان پیویستە؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** مێژووی سی و سێ ساڵی دەسەڵاتی ئەحزابە قەومی ودینیەکان لە

ڕێچکەیە بۆ باشتربوونی ژیانی خەڵک و ڕزگاربوون لەم نەهامەتیەی ئێستای خەڵکی کوردستان و بەدیهێنانی ئاییندەیەکی سیاسی خوازراوی باشتر.

**بۆپێشەوە: لەکاتێکدا دەسەڵات متمانەی لای خەڵکی کوردستان نەماوەو ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد لە ئاستی ئەوەدا نییە وەکو بزوتنەوەی گۆڕانی پێشوو سواری شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری خەلکی کوردستان بێت، چەپ و کۆمۆنیستەکان، لە کوێی**




**بزوتنەوەی نارەزایەتی ئیستای خەڵکی کوردستاندا وەستاون؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** من ڕاشکاوانە دەڵێم بەداخەوە لەئێستادا بزووتنەوەی کۆمونیستی وکۆمونیستەکان تووشی هەمان ئەو قەیران و نارۆشنیانە بوون، کە بزووتنەوەی چەپی تەقلیدی دەیان ساڵە پێوەبوون و هەمیشە ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ قاچێک و دەستێکیان لەگەڵ بزووتنەوە و هێزەکانی بۆرجوازیدا تێکەڵ بەیەک بوون، بۆیە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هەمیشە ترس و دڵەڕاکێی هەبووە لە نزیکبوونەوە و خۆڕێکخستن لەگەڵ هەر شێوازێکی حیزبی ڕێکخراوەیی ئەو "چەپ"و کۆمونیستانەدا کە لەکوردستاندا بوونیان هەبووە.

بۆ ئەوەی جارێکی تر سۆشیالیزم کۆمونیزم ببێتە ئاسۆ وئامانج، ببێتە تاکە

**لەڕاستیدا ئەم دوو دەسەڵاتە بەو دەلیلەی، کە بریتین لە دوو بنەماڵەی پاوانخواز و هیچ پابەندبوونێکیان نەک هەر بە پاراستنی ئەوەی پێی دەڵێن (هەرێم) نییە، بەڵکو ئەوان پابەند نین تەنانەت بە پەیڕەوی ناخۆیی حیزبەکانی خۆشیانەوە..!!**

ئەڵتەرناتیڤی ڕزگاری خەڵک، ئەوا کۆمونیستەکان و هەموو ئەوانەش کە لەژێر ناوی" چەپ بوون" دا کار بۆ ئەو ئامانجە دەکەن، خۆیان لە سوونەتی سیکتاریستانەی حیزبی تەقلیدی ڕزگار بکەن و دەست ببەن بۆ ئەو شۆڕشە بەردەوامە ڕۆژانەییەی کە دەمێکە خودی خەڵکە کرێکار و زەحمەتکێشەکەی کوردستان خوازیاریەتی و بەڵام دەستی بۆ چەکەرەی ڕێکخراوبوونەکەی نەبردووە،

خەڵکی کوردستان ئەزموونی شوراکانیان نەک هەر بینیوە، بەڵک خۆیان بەکردەوە جێبەجێیان کردووە وژیانی خۆیانیان لە ئازاری 1991 دا پێ ڕێکخستووە، بۆیە وازهێنان لە بانگەواز بۆ دەسەڵاتی حیزب ودەستبردن بۆ ئەڵتەرناتیڤی شورایی وەیا هەر ناوێکی تر کە بەکردەوەر دەرهێنانی دەسەڵاتی خودی خەڵکی زەحمەتکێش مانا بکات، یەکێکە لەو ئەرکە فەوریانەی کە دەکەوێتە سەر شانی کۆمونیستەکان..

**بۆپێشەوە: گرژی و ناکۆکی نیوان پارتی و یەکێتی لەسەر دەسەڵات و داهات بەردەوامە، ئایا گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و بەغدا، هۆکاری بەرینبوونەوەی قڵشتی نێوانیانە، یان نەتوانین و ناتەبایی و ملنەدانی پارتی و یەکێتی بەداوای بەغداو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هۆکاری بەردەوامی ئەو گرژیانەیە؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** لەڕاستیدا ئەم دوو دەسەڵاتە بەو دەلیلەی، کە بریتین لە دوو بنەماڵەی پاوانخواز و هیچ پابەندبوونێکیان نەک هەر بە پاراستنی ئەوەی پێی دەڵێن (هەرێم) نییە، بەڵکو ئەوان پابەند نین تەنانەت بە پەیڕەوی ناخۆیی حیزبەکانی خۆشیانەوە..!!

وە هەمیشە لەسەر ئەو بنەمایە، قڵشتی گەورە لەنێوانیان هەبووە، شەڕی چوارساڵەی نێوانیان و بەکوشتدانی هەزاران گەنجی دڵ پڕ لەهیوای ئازادی، هەروەها درێژەدان بە دەسەڵاتی دوو ئیدارەیی، دوو هێزی میلیشیایی سی وسێ 33 ساڵەیی باشترین بەڵگەی ئەو قڵشت و جیاوازیەن.

پارتی لە سنووری تورکیاوە، هەر لەسەرەتای دەسەڵاتیەوە، تاکە شتێک، کە پابەند بووە پێوەی، حکومەت پەرلەمان هەبووبێ یان نا، قۆرخکردنی هەموو سەرچاوە ئابوورییەکانی سەرزەوی و ژێر زەوی بۆ خۆی وبنەماڵە وبازرگانیکردن و هێنان وبردنی کەلوپەل بووە لەودیو بۆ ئەمدیو و بەپێچەوانەشەوە، گرنگترین شت کۆکردنەوەی سەرمایەی ملیۆنەها دۆلار بووە لەلای بنەماڵەی بارزانی..!

تەواوی چەمک وشیعارو هات و هاواری سواوی کوردایەتی و کارتی ڕیفراندۆمەکەشی هەر لەو پێناوەدا بووە..

یەکتیش لەسنووری ئێران و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، هەر هەمان ئەو کارانەی کردووە و تاکە ئامانج کۆکردنەوەی سەرمایە بووە لەدەستی سەرانی حیزب و بنەماڵە!

تەنیا شتێک کە ئەم دوو دەسەڵاتە لەسەری کۆکن و لەوێدا هیچ گرژییەک بوونی نیە، سەرکوتی ئازادیەکان و زیندانیکردنی خەڵکی ناڕازی و بێ مووچەکردن وبرسیکردنە..!

بەو پێیە گەر باس لە فشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بکەین ئەوا بێگومان، دروستبوونی دنیای چەند جەمسەری و هەوڵدانی وڵاتانی ناوچەکە، کە هەریەکەیان سەر بەجەمسەرێکن وە یاخود یاری لەسەر چەندین جەمسەر دەکەن( وەک تورکیا) ئەوا فشار دەخەنە سەر ئەم دوو بنەماڵەیە و بەوهۆیەوە تادێت قڵشتە مێژوویەکەی نێوانیان گەورەتر دەبێت..!

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە ئەو هیرشە موشەکی و درۆنیانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی زۆنی زەرد ئایا ئەم هیرشانە دەچنە پاڵ هەوڵەکانی بەغدا، بۆ گوشاری زیاتر خستنە سەر هەرێم یان لاتان وایە هەوڵێکە بۆ گوشار خستنە سەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ کشانەوەی هێزەکانیان؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** گەر قسە تەنیا لەسەر هێرشەکانی ئەم دواییانەی درۆنەکانی ئێران بێت بۆسەر هەولێر، ئەوا دڵنیام پەیوەندیەکی ڕیشەیی بە بارودۆخی تازە و پڕ لە گرژیی نێوان جەمسەرەکانی ئێستاوە هەیە و پەیوەستە هەم بە شەڕ لە ناوچەکە وهەم بە ڕاکێشانی تەرازووی هێز بەرەو لایەکی ئەو جەمسەرانە.

جمهوری ئیسلامیی ئێران وەک هێزێکی گەورەی ناوچەکە و سەر بەجەمسەری ڕووسیا، بێگومان ئەو هێرشانە بۆسەر هەولێر، بۆ هەردوو ئامانجەکە تاقی دەکاتەوە. لەلایەکەوە بۆ نواندنی هێز لەبەرانبەر ئامریکا و هاوپەیمانان وهەوڵدان بۆ لاوازکردنی زیاتری نفووز وهێزی ئامریکا، لەلایەکی تریشەوە دەچێتە چوارچێوەی فشاری بەغدا لەسەر پارتی، وەک هاوپەیمانێکی بەهێزی دەسەڵاتەکەی تورکیا، کە ئەندامێکی گرنگی ناتۆیە..

**بۆپێشەوە: لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی هەڵبژاردن وەکو ڕیگایەک بۆ دەرچوون لە دۆخی نەخوازراوی ئیستای کوردستان دەزانن، ئێوە لەوبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** من دەڵێم هەڵبژاردن بکرێت یان نەکرێ هیچ لەدۆخی ئێستای "نەخوازراو"ی سیاسی کوردستان ناگۆڕێت و بگرە زۆر لەوانەیە ئەزمەگرتووتری بکات.

من دڵنیام خودی ئەحزابە بەشدابووەکانیش ئەو ڕاستیە دەزانن، بەڵام لەپێناو بەرژەوەندی مانەوە و سەرمایە گوزایەکەیان، ئەو ڕاستیە نادرکێنن.!

ئەوە بەدەر لەوەی، کە هەڵبژاردنەکە جارێکی تریش دواخراوە.

وەرەقەی هەڵبژاردن تاکە ئامانجێکە بۆ لەچاوەڕوانیدا هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان و بەرگرتن بە نارەزایەتیەکانیان..

**وەرەقەی هەڵبژاردن تاکە ئامانجێکە بۆ لەچاوەڕوانیدا هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان و بەرگرتن بە نارەزایەتیەکانیان..**



**جیهان بە بێ بانگەواز بۆ سۆشیالیزم، بە بێ ئومێد بە سۆشیالیزم، بە بێ هەرەشەی سۆشیالیزم، ئەگۆڕێت بەچ لیتاوێک....**

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازادا!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالآنی دەسەلآت و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوویە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne

## درێژەی دوا وتە

بەرەی کوردستانی لەشارەکاندا بەتایبەتیش لەشاری سلێمانیدا، ڕابەرایەتی چەخماغەدانی ڕاپەرینیان کرد و پاشانیش بزوتنەوەی شورایان وەرێخست. شوراکانیان لە زوربەی کارگە و کارخانەکان و ناوەندەکان و گەرەکەکان لەشاری هەولێر و سلێمانی پێکهێنا، ئەم روداو و دیاردە نوێیە، پەیامێکی تەکاندەر بە هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هاوکات مایەی نیگەرانی ئەمریکا و غەرب بوو.

سەربار هەر نارۆشنی و کەموکورتیەک کە کۆمۆنیستەکان و شوراکان هەیان بوو، تەنانەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەش کە ئاسۆی زاڵ بەسەر بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا، ئاسۆیەکی سۆشیالیستی رۆشن نەبوو، بە تەواوەتی خۆی لە ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد جیانەکردبووە، بەڵام توانی مۆری خۆی بدات لە رواداوەکانی ئەو کاتەو بۆ یەکەمین جار، پێی نایە ناو بەرامبەرکێیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لەگەڵ بزوتنەوەی زاڵ لە مێژووی سیاسی کوردستاندا.

بزوتنەوەی شورایی و رۆڵی کرێکاران و لاوان و ژنان تیاییدا، وە بەهێنانە گۆڕی ئەلگۆیەکی تری بەڕێوەبردن، توانی بۆیەکەمین جار، بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی توشی ڕاچەنین و ترس بکات و هاوکاتیش نەخشەی ڕووبەڕووبوونەوەی بۆ بکێشێت....

بزوتنەوەی شورایی، جوانترین دیمەن و دیاردەی ناو تاریکستانی جەنگ و ملهوری ئەمریکا و ئەو کەش تەواو کۆنەپەرستانە زاڵە بوو، کە وێنەی جۆرج بۆش بەرز رادەگیرا و سوپای ئەمریکا وەکو فریاد رەس دەخرایە ڕوو.... بوونی بزوتنەوەی شورایی لەکەشی جەنگی و کۆنەپەرستانەی ئەو کاتەدا، کە بریار بوو دنیا لە ڕێگایەوە ئابدیت بکریتەوە و دوبارە پێناسەی باڵادەستی ئەمریکا بەسەر جیهانی دوای دارمانی سۆشیالیزمی بۆرژوایی دا، بکرێتەوە، هەرگیز ناتوانرێت وەکو دیاردەیەکی ئومێد بەخش لە یادەوەری چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەی کوردستاندا بسرێتەوە.

بەڵام بەو هۆیەوە کە ڕاپەرین و خرۆشانی جەماوەری ١٩٩١، نە بەرهەمی خەباتی لە پێشتری شاری چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەو نەحاسڵی چوونە پیشی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بوو، نەیتوانی ئامانجێکی جیاواز لەوەی ئەمریکا و غەرب و بزوتنەوەی کوردایەتی بەدوایەوە بوو، بەدی بهێنێت.

زاڵ بوونی ئاسۆی ناسیونالیستی و ئومێد بەستنی خەڵکی کوردستان بە ئەمریکا و غەرب و خۆشباوەری بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، خرۆشان و راپەرینی خەڵکی کوردستانی لە پێناو خەون و خولیا ڕەواکانیدا بەشوێنێک نەگەیاند... ناتوانایی بزوتنەوەی شورایش بۆ بەرگری لە شوراکان و خواستەکانی خەڵکی کوردستان لە ئازادی و خۆشبەختی و دامەزراندنی جۆرێکی تر لەدەسەڵات... شانسی داسەپاندنی دەسەڵاتی بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، کە دەسەڵاتی خۆیان دابسەپێنن و بە زۆری چەکیش شوراکان دابخەن و پاشەکشە بە رۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان تازە کارەکان لە مەیدانی بەرامبەرکێی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بکەن.

بەدەسەڵات گەیشتنی حزبەکانی کوردایەتی، بە پێچەوانەی بانگەشەکانی سەرەتای داسەپاندنی دەسەڵاتیان، نەک نەیتوانی کەمترین ئازادی و خۆشبەختی و مافە هەرەسەرەتاییەکانی ئینسانی کورد زامن بکات، بەڵکو دەست ڕاگەیشتن بە نان و ئاو و کارەبا و موچە سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانیشی کردە ئاوات و خولیایەکی سەختی وەدی نەهاتوو... دزی و تاڵانی ئاشکرای سیستماتیک کرد. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا پرسی سیاسی کوردستان و ستەمی نەتەوایەتی بە کەوتنی ڕژێمی بەعس، کۆتایی پێهات و چیتر خەڵکی کوردستان پلە دوو نەمان و زوڵمی قەومیان لەسەر نەما، بەڵام ئەم پرسە هیچ وەڵامیکی یەکجارەکی وەرنەگرتەوە و فیدرالیزمی قەومی بووە منداڵدانی بەرامبەرکێیەکی نوێ، کە هەمیشە خەڵکی کوردستانی لە دڵەراوکێی ململانێی نیوان دەسەڵاتی ناوەندو هەرێمدا راگرتووە و سایەی دوبارە زوڵمی قەومیش هەر ماوە.

ئێستا نزیک بە سی ساڵە، کە نزیکە بە مێژووی دەسەڵاتدارێتی بەعس، خەڵکی کوردستان رووبەڕوون لەگەڵ دەسەڵاتی خۆوڵاتی و کوردی... دەسەڵاتێک کە وینەی لە بێمافی هاوڵاتیانیدا بێ وێنەیە، تاکە دەسەڵاتی سەر هەسارەی ئەم زەویەیە کە موچەی فەرمانبەرانی نادات. دەسەڵاتێکی دەگمەنی نا یاسایی ونائاسایی میلیشییاییە، دەسەڵاتێکە لەسەر لاوازی نەیارەکانی، لە بۆشایی و ململانێی ناوچەییدا هەناسە دەدات. دەسەڵاتێکی دژە ئازادییە و هەرچی ئازادی و ئازادییەکانی هەیە، لە دەیان ئەمما و ئەگەر و مقەدەساتی پوچی قەومی و دینی ئەخلاقی و کەلتوری و بنەماڵەییدا، گیرکردووە. سەرکوت و زیندانیکردنی لەسەر چات، رەخنە و نارەزایەتی زۆر سادەی بۆ موچە و خزمەتگوزارییەکان کردۆت نۆرم بۆ پاراستنی دەسەڵاتی... باسێک لە مافە فەردی ومەدەنیەکانی تاک نییە، ژنان لە خراپترین دۆخدان و بەدەیان هەزاریان بە پاساوی پوچی ناموس پەرستی لێ تیرۆکراوە بێ ئەوەی بکوژانی سزای تاوانی کوشتن درابن... لاوان لەم هەرێمەدا پۆل پۆل ناچار بە جێهێشتنی کوردستان کراون و بە سەدانیان لە رێگای سەخت و سنورە زەمینی و ئاوییەکاندا، بوونەتە قوربانی...

لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە ٣٣ ساڵیەدا، یاسا نەک فۆرمێک بۆ رێکخستنی کۆمەڵگەو بەرگری لە مافی ئینسان لە نزمترین ئاستیدا نییە، بەڵکو حەربەیەکە بەدەست میلیشیا و حزب و بنەماڵەوە بۆ تۆقاندن و ترساندنی چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگەو پارێزەری ئاشکرای تاڵانچیان و تۆمەتبارە زەبەلاحەکانی حزب و بنەماڵەیە... هاوکات دەسەڵات بۆتە نۆکەر و کرێگرتەی حیرفەیی وڵاتە چنگ بەخوێنەکانی ناوچەکە.

مێژووی ٣٣ ساڵەی ئەم دەسەڵاتە هاوشانە بە نارەزایەتی جەماوەری بەدژیدا، لەپیناو ئازادی و مافە سەرەتایەکانی ژیان و گوزەران و ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان... کە لە ١٧ شوباتی ساڵی ٢٠١١ خواستی رامالینی ئەو دەسەڵاتە پێی گرتووە تا هاتووە بەرینتر و فراوانتر بۆتەوە.

ئیستا هیچ رێگایەک بۆ درێژەدان بە دەسەڵات نەماوەتەوە جگە لە توندکردنەوەی سەرکوت و داپڵۆسین. بۆ جەماوەری کوردستانیش رێگایەک نەماوەتەوە جگە لەوەی کە ئەو دەسەڵات رابماڵن و دەسەڵاتێ واقعی خۆیان لەسەر کەلاوەی دەسەڵاتیان بنیات بنێن. لەو راستایەشدا بۆ ئەوەی راپەرین و شۆرشی داهاتووی بێبەشان، لە پێناو خەون و خولیاکانیاندا، بەلارێدا نەبرێت و یان لە نیوەی ڕیگادا نەدزرێت، پێویستی بە ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ریکخرابوون و حزبی سیاسی چینی کریکاری دەخالەتگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی شۆرشگێرەوە هەیە...

**سەرەتای ئازاری ٢٠٢٤**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ڕێبوار حەمە شەریف، بنار مستەفا، وریای رەسام، ستار حەمە عەلی، عوسمان محەمەد، خالید بایەزیدی، شوان عەزیز، کاوان قادر،، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، عامر سابیر، کامەران قەرەداغی، سامان بەرزە، توانا حەمە نوری...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئایندی سیاسی کوردستان"...

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

## دوا وتە

# لەیادی ٣٣ ساڵەی ڕاپەڕیندا، ڕاماڵینی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆتە ئەرکێکی لەدواخستن نەهاتوو!

عەبدوڵا مەحمود

ئەم ڕۆژانە ٣٣ ساڵ بەسەر خرۆشان و راپەرینی جەماوەری کوردستان، بەدژی دەسەڵاتی رەشی بەعسدا، تێدەپەڕێت.

٣٣ ساڵ بەر لە ئێستا، سەرەتا خەڵکی خواروی عیراق و پاشان کوردستان، لە ناوجەرگەی شەرو ملهوری نواندنی ئەمریکاو غەربدا، بەدژی دەسەڵاتی رەشی بەعس هەستان و راپەرین. لە ئاکامی ئەم ڕاپەرینەدا بەعس لە کوردستان وەدەرنراو بارگەو بنەی هیزە سەربازی و ئەمنیەکانی پێچرانەوەو دەسەڵاتی رەشی هەڵپێچرا.

هیواو ئامانجی خواستی خەڵکی کوردستان، لەم ڕاپەرینەدا، دەست راگەیشتنیان بوو بە ئازادی و ئازادییەکان و بەتایبەتیش ئازادی سیاسی و رزگاربوون لەدەست زوڵمی نەتەوایەتی...

بەعس راونرا و دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی سیاسەت و نەخشەی ئەمریکادا، سپێردرا بە هیزەکانی بۆرژوازی کورد، بەدیاریکراویش بە پارتی و یەکێتی. دیارە پارتی و یەکێتی زۆر پێشتر و لەگەڵ دەسپێکی ئەزمەی کەنداودا، هەموو ئومێدی خۆیان بە جەنگی ئەمریکا و سیاسەتەکانیەوە گرێدابوو، تا لەدوای روخاندنی بەعسدا، خەونی بەشداری دەسەڵاتیان لەگەڵ بەغداد بۆ برەخسێت و فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستانیش بگرنە دەست.

بۆ ئەمریکا و غەرب، سپاردنی دەسەڵات بە پارتی و یەکیتی کە گوێ لە مستی خۆیان بوو، پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو... یەکیک لەو پلانانەی کە دەبوو پارتی و یەکێتی جێ بەجێی بکەن، داسەپاندنی سەرکوت و لەباربردنی خەون و خولیاکانی خەڵکی کوردستان بوو بۆ دەست راگەیشتن بە ئازادی و خۆشبەختی و بەدیاریکراویش پاشەکشەپێکردن بەو رەوت و هێڵە چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازە بوو، کە هەوڵی دەدا نەریتیکی نوی لە خەبات و مەیدانداری بزوتنەوەیەکی تر، بکاتە جێگرەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی.

بلۆکی چەپ و کۆمۆنیست و ریکخراو و گروپەکانیان، کەپێشتر بە شێوەی نهێنی خەریکی هەڵسوڕان و کاری ڕێکخراوەیی بوون، لەسەرەتای ئەزمەی کەنداوەوە ئامادەکاریان بۆ سازدانی جەماوەر و ڕاپەڕین دەکرد، رۆڵیشیان لە سازدانی کۆمیتەکانی راپەرێندا هەبوو، بەر لەهێزەکانی

بۆ لاپەڕە 13

# من ژنم



من هەرگیز لە شکان نایەم

لە شکان نایەم

من ژنم...

دەتوانی بم چەمێنیەوە بەڵام ناتوانی بم شکێنی

هەر سوورم لەسەر بەدیهێنانی دوا ئامانجم

چونکە تۆ تاوانباری منت لە ناخما داکوتاوە

ئەی چۆن ، بەڵێ من ژیرم

بەڵام ئەو ژیریەم لە ئازارەوە سەرچاوەی گرتووە

بەڵێ ڕاستە کە قوربانیم بۆی داوە

بەڵام سەیرکە چەندە شتم بەدەست هێناوە

گەر پێویست بکات دەتوانم هەر شتێ بمەوێت بیکەم

چونکە من بەهێزم

من هەرگیز لە شکان نایەم

لە شکان نایەم،،

من ژنم ، گوێت لە قیژە و دەنگ و ناڵەم بێ

بە ژمارە هێندە زۆرم، وەلام نیێ ئاخر ناکرێ

زۆریش دەزانم کە بگەڕێمەوە دواو خۆدەرخەم

چونکە هەموو ئەوشتەم بیستووە پێشتر

هەروەها لەسەر زەوی و هەر لە دامێنیش دابووم

بۆیە ئیتر کەس ناتوانێت هەر لە دامێندا بم هێڵێتەوە.

ئەدی چۆن، بەڵێ من ژیرم

بەڵام ژیریم لە ئازارەوە سەرچاوەی گرتووە

بەڵێ ڕاستە کە قوربانیم بۆی داوە

بەڵام سەیرکە چەندە شتم بەدەست هێناوە

گەر پێویست بکا ،دەتوانم هەر شتێ بمەوێت بیکەم

چونکە من بە هێزم

بەهێزم

Helen Reddy

وەرگیرانی بۆ کوردی: شوان عەزیز




دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

